# دەق



نیشتیمانێک ، مات وەکو خۆم
**بەرزان هەستیار**

برینێک، ناکۆتا هەتاوی لەبەر دەڕوات!
**ژوان پێنجوێنی**

گەمەکانی باپیرەم
**نەجات نوری**

مەستوورە نادۆزمەوە
**جەلیل کاکەوەیس**

شاعیرێک لە گەڕانەوەیدا
**محەمەد حسێن**

خەمێکی ئەرخەوانی
**هیوا سەلیمی**

کچە شازادەکان لە دۆژەی بنەماڵەدا
**زاهیر رۆژبەیانی**

کاکە کوردۆ گیان هەموو کاتێکت باش
**سەلام محەمەد**

# نیشتیمانێک، مات وەکو خۆم

بەرزان هەستیار

بیرکردنەوە لە نیشتیمان ...
چزووی ئەو دووپشکە بێ ئومێدەیە
لە نێو کلیلەی ئاگردا
لە سەری خۆی ئەچەقێنێت،
بیرکردنەوە لە نیشتیمان ...
پەنجە خستنە نێو قژی شۆخەژنێکە....
لەبەر تریفەی  مانگەشەوێکی هاویندا،
بیر کردنەوە لە نیشتیمان
ژەهرێکە لە ماچی یار شیرینتر و
کلۆ شەکرێکە لە فیراق تاڵتر
من وەك منداڵێك،
چۆن بیر لە هاتنی یەکەم رۆژی جەژن ئەکاتەوە
بیر لە نیشتیمان ئەکەمەوە
بیر لەو شەرانەش ئەکەمەوە بە یەکمان فرۆشت،
ئەو"داو"رنەی بە ناوی عیشقەوە
لەسەر بەفری"ریا"بۆ یەکمان دانا
ئەو بوختانانەی بە بیانووی ناپاکییەوە بۆ یەکمان کرد





ئەو"مین"رنەی لە لا رێدا بۆ یەکتریمان چاند
"مین"ی عیشق و خیانەت و
گومرابوون و
"مین"ی  هەموو شتێك، هەموو ..................!

*******

لەوە تێ ئەگەم نووستن، مردنێکە کاتیی،
بەڵام بیرکردنەوە لە نیشتیمان، زیندەگانییەکە هەمیشەیی و
مردنێکە، نا کۆتا ؛.
نیشتیمان، بە دڵێکی پاك و
بە هەموو تەنەکە خۆڵە ژەنگاویەکانییەوە
پیاسەی کەناری"راین"م لەگەڵ ئەکات و
بە ریزێك"مەنهۆڵ"ی شکاوەوە
لەگەڵما خۆی ئەکات بە کڵێسا زەبەلاحەکەی"دۆم"دا و
بە شەقامە پڕ تاسەو چاڵەکانییەوە
قۆڵ ئەکات بە قۆڵماو
بە سوپەرمارکێتەکاندا فرکەمان دێت
بە رانك و چۆغەیەکی شڕەوە ...
پێش من خۆی ئەکات بە بارێکی قەرەباڵغداو
بەو نیوە زمانییەی خۆیەوە .....
داوای دوو"بیرە"بۆ هەردووکمان ئەکات
چەند جوانە نیشتیمان،
بێ ئەوەی ئارایشت بکات، ....
لەگەڵما دێتە ئاهەنگ و
سەما ئەکات و گۆرانیش ئەڵێت،
لە ناکەس بەچەیی کورەکانی نەبێت، ...
شەرم لە سادەیی خۆی و
لە بێکەسیی خۆی و
لە نابووتیی خۆی  ناکات ؛
لەوەتەی هەیە نیشتیمان،





وەکو دایکم.....
هەر خەریکی منداڵ بوون و
گسکدان و
قاپ شۆرین و
جل شتن و
میوان بەڕێ کردنە،
وەك نەنکیشم .....
دەستەکانی ئەلەرزن و
چاوانی، کز،
لە نێوەندی شەقامێکی قەرەباڵغدا
هۆرنی ماشێنەکان کاسی ئەکەن و
کەس نییە بیگەیەنێتە سەر شۆستەکە
*******
نیشتیمانە بێ دەرگاکەم،
نیشتیمانە بەرەڵلاکەم،
نیشتیمانە فریشتەکەم،
نیشتیمانە نورانییەکەم، ......
هەموو رۆژێك ئەیبەنە بەر دەروازەکەی بەهەشت و
ناشهێڵن بچێتە ژوورێ،
ڕۆژ نییە نەیگەیەننە بەر قاپیی دۆزەخ و
سووتانی خۆی پیشان نەدەن ؛
نیشتیمانە وەحشییەکەم، ئەلف و بێ جیا ناکاتەوە و
ئەدرێسی خۆی لەبەر نییە،
هەموو رۆژێك لە کۆڵانەکەی خۆشمانا ون ئەبێت و
ئەبێت دراوسێ حیزەکان بیهێننەوە

کانوونی دووەمی ٢٠٠٩
کۆڵن





# برینێک، ئاکۆتا هەتاوی لەبەر دەڕوات!

ژوان پێنجوێنی

ئەم دەقە حیکایەت ناگێڕێتەوە، ئەوەندەی دەیەوێت لە جێ پێی حیکایەتەکاندا قەدەری شەلی رۆژگارێك بنووسێتەوە کە ئەوان تێیدا هەم ئێستا بوون و هەم بەیانی ... ئەوان هەندێك کچی سەرەڕۆیی بەردەم مەزراکانی عیشق و هەندێك غەریبەی خۆنەدیوی بەردەم ئاوێنەکانی شیعر بوون، سەفەری هەریەکێکیان سەفەری ئاو بوو بە کوچەکانی ساویلکەییدا، کۆچی هەریەکەیان کۆچی هەتاو بوو بەرەو مەغریبانی نامورادیی، من و تۆ لەم دەقەدا هیچ نین جگە لە مەخلوقێك مەحکوم بە برین، برینی ئاوابوونی ئاو و برینی چرچبوونی هەتاو، برینێك تا ئاخیرەتی تەمەن .. تا ئەوسەری زەمان .. تا سنووری نێوان بێهوودەیی ئێمەو نوختەی سووری هەرگیز پێکنەگەشتن، پەیڤینی لەبەر دەڕوا !

لەناو ئەواندا کەسێك هەبوو حونجەی جوانیی لە برینی مندا ئەکرد، دایکی فرۆشتی بە کونەپەپوەیەکی پیر، ئەو ئێستا برین ئەبژێرێ و وەك بێوەژنێکی ناموراد، بەدزییەوە سەرنج لە سێبەری دەستی دایکی ئەدا و ئەڕوانێتە تاریکیی بەیانیی من! دەزانم تۆش خاوەنی هەمان بەیانی و هەمان دەست و هەمان تاریکیی و برین بوویت،

من و تۆ لەم دەقەدا شتێکین لە گۆرانی نووستوی ناو دالغەی عەندەلیبێك، شتێکین لەرەنگی بەزیووی سەر باڵی پەپولەیەکی سەرخۆش و لە ئاوازی کوژراوی ناو کۆشی قەفەزێك، دەبێت لەم دێرانەدا بەدوای هیچدا نەگەرێیت ..، دەبێت تۆ بێبەری بیت لەم تێکستە، چون دوای ئەم دێرانە دەقەکە دەست بە کۆتاییەکی شووم ئەکات، کۆتاییەك کە هەر پێشکەشە بە تۆو هەر لەدوا نوتفەی برینی تۆ ئەچێت "هێمن صالح" .

ئەوان زوو ئاخرین سەفەری خۆیان کرد
دەستیان هەڵبری و وتیان :
ماڵی نیازەکانی ئێوە پڕە لەجێهێشتن
مەودای خەونەکانتان هێندەی عومری پەپولەیەك کورتە
لە دەستاندا مێلاقەی برین ئەروێ و
لە چاوتانا ئێستای خۆمان ئەبینین بە پیریی ...
وایان گوت و رۆشتن!
وەرە ئیتر خۆمان و ئومێدمان بەرینەوە ناو دۆزەخ
قریوەی گریان بخەینە بەر لێزمەی کفرو
هەنسکی پێکەنین لە کتێبەکانی خوێندا موتالا بکەین
رێگەیان نەدەین ...
وەك ئەو قارچکە رەشپۆشانەی ئافات چەتری سەبری بردن
تەنیاییمان لەبەر باران راگرین،
بێئاگا خستینیانە شەریعەتی بەهارەوەو
بۆنی نێرگزمان نەگرت
بێئاگا فرێیاندراینە دارستانەکانی نەمریی و
باڵای سنەبەرمان پێ نەپێورا
نەیانهێشت بۆ دواجار
بەسەر دەستە بچوکەکانیاندا بگرین و بڵێین:
ژیان لە دوای ئەم سەفەرەوە
عاقیبەتی بەخێر ناگەرێ و ... ئەگەر کرا
لە دوعای سەر بەرماڵی دووریتان،



مشتێك شفای لەبیرچوونەوەمان بۆ بنێرن
ئێمە دوو کتێبی ئێو دەستە گوناهبارەکانی
تەنیایی بووین ...
غەفڵەت غەفڵەت (با) پەرەکانی هەڵدراینەوەو حاڵی نەبوو
دارشەقی ئەم چیرۆکەی چاویلکەکەی ئەشکێ و
ئەم شەقامە پڕ گێژاوەی نابینایی لە کوێدا ئەگاتە کۆتا
گەمەی ئیبلیس چەند پەلەی کرد چاوێکمانی پێ بەخشین
گومانی ئەهریمەن چۆن فریوی داین
خەیاڵی چەقۆ بە رامووسان تەی بکەین!
تۆ لە پشت کەوتنە خوارەوەی ئەستێرەدایت ئەی تەم
دەنا ئێمە بە عوملەی ئەم بارانە
شتێکمان لە تەفسیری درەوشانەوە بۆ دەکردرا ...
ئەمانتوانی پێش ئەو دەلیلە خائینە نەکەوین
کە بەشێکی سێبەری خۆمان و ئەویتر
دیوێکی نادیاری گوناه بوو ...
تۆ دەستی پایزت لە گەردنی درەخت نەئالاندایە
بۆمان ئەکرا لە پرسەی چنارا چۆرێك بەسەر گەلادا بگرین
تۆ پەنجەی بەهارت بە کونی شمشاڵی
ئەم تەنیاییە ئاشنا نەکردایە،
تاهەتایە لەزنەی یەك بێدەنگیمان ئەخواردەوە
هیچ نەبێت ئەمانتوانی بارانی چاوی
ئەو نامە سەوزە خۆش بکەینەوە
کە لە جانتاکەی دەستگیرانا دای لە قاقای گریان و
تا هەتایە نەگەرایەوە سەر مروەتی کۆتر ...
برادەر گیان
ژیان لە دووکەڵی سەبیلەکەی باوکم زیاتر نەبوو
کە بەدیار خەمی نەهاتنەوەی درەنگ شەوانەی من و
سەرەرۆیی ژیان خۆیەوە کێشای ...

عەشق هەر ئەوەندە نەفەسی درێژ بوو
لەحزەیەك بەر لە هاتنی مەرگ و ئیمان
لە دایکم نەبوورا ...
فەقیانەکەی بکاتەوەو لەسەر بەرماڵی پیریی
شتێك بڵێت لە قسەی دڵ!
بریا من و تۆش
چون سێوی تەڕی بەر باران قەپاڵمان نەدایە لە دووری
ئەو پیاڵە چایەمان بڕشتایە کە پڕبوو لە خەیاڵی فانی
دەنا ئێستا هەرگیز پێکەوە هەڵمان نەدەکرد
نەدەگەشتینە بن سوانەی پەنجەرەیەکی سەرخۆش و
ماتڵ نەدەبووین بەدیار فڕینی چۆلەکەیەکی خووساوەوە
ئێمە گوناهی خۆمان بوو ...
لە گەعدەی موریدێکدا بە دەستنوێژەوە دانیشتین
کە مردن قامەتی هەموو نوێژەکان بوو !
لە دەرگایەکمان دا،
ئەمانزانی نەیژەنێك لێیەوە ئەچێت بۆ مردن
لە ڕەنگێك ورد بووینەوە،
دڵنیابووین نیگارکێشێك
ئەیکات بە سکێچی خۆکوشتنی کۆتر
مەعلووم بوو .. ئەو تارماییەی دەستمان بۆ درێژکرد
سێبەری موسافیرێکە لە فەنای تەم و لە بەقای لم
بە دووی بۆنی بوغردێکدا گەڕاین،
ئەمانزانی ئەمە تەنیا
شوعلەی داگیرساوی سەر کێلی غەریبێکە ...
برادەر گیان
من شەوێك لە وەتاغی نووستنی بێوەژنێکدا
ئاوێنەیەك پێی وتم: عەشق یەك جار دڵی ئەشکێت !
کەچی ئێمە هێشتا دڵمان نەبەستبوو





کەوتینە شوێن ئەو سێبەرە نابەڵەدەی
عومرێك لە پێشمانەوە دەڕۆشت و نەدەگەشتە هیچ
لە کلیلێك گەڕاین دڵنیابووین
دەرگای سیخناخی بێ ئومێدی ناکاتەوە
دە تۆش ئەم پێکە لە چاومدا هەڵدەو
بڕوانە لە جێ پێ سوورەکانی ئاو
لە خەونە داگیرساوەکانی ژێر پێڵوی ماسی،
سەیری زەیتون بکە و بگەڕێرەوە
لای ئازاری دارحەیزەرانەکانی مناڵی،
گوێ لە گۆرانی سەرابناسێك بگرە و بڕوا بێنە
بە دوا فێڵی ژیان لە بارانێکی سەرخۆشدا ...
من دەستێکی خۆمت ئەدەمێ، گەر ئەتەوێت
حیکایەتی ئەسەفی دەستەکەی ترم بنووسیتەوە
چاوێکی خۆمم لێ زیادە ..
گەر ویستت تانەی سەر گلێنەی چاوەکەی ترم ببینیت
وەرە پشت بکەینە ئاوێنەو ڕووەوە سەری یەکتر
نەفرەت بگرینە ئەم بەردە ڕەشەی چارەنووس
چیتر بەم عەبەسییەتەوە لە شکۆفە نەچینە پێش
گوڵ ڕاستگۆیانە سەربووردەی سووتانی باخچەکان ناگێڕێتەوە
بەم حوزنەوە پێ نەکەینە کەوشی ڕۆیشتن
سەفەر لە جانتا و کتێب و نامەکانمان نابێتەوە
ئەوان زوو ئاخرین سەفەری خۆیان کرد
دەستیان هەڵبڕی و وتیان:
دوعای نوێژەکانی ئێوە پڕە لە خۆزگەی بەد
بەیانیتان بە ئەندازەی سەری دەزووی قسە دیارە
لە ئەنگێزەتاندا ئەسرینی وشە پێ ئەگرێ و
لە شەهوەتی ئێمە نەوەی وەحشی ئەخەنەوە
وایان گوت و ڕۆشتن !

ئێمە کە لە سەحرای نامورادی کۆترەکاندا تەنیا کەوتین
دەفتەرێکمان پڕکرد لە پەپولەو
ژێر چەترێکیش لە گلەیی باران ...
لە تەنەکەی زبڵی مەیخانەیەکەوە دەستمان هەڵبڕی و
تەسلیم بە تەنیایی وتمان:
دەرمانن بێنن، بەڵێنە ...
لە دەنگی پێکدادانی پێکە تووڕەکانی ئێوەدا
هێشتا ئێمە نوتفەیەك بین لە جوانیتان
ببوورە .. هاوارمان کرد و ئەفسوونی قیژەیان لێگۆڕین بە سیحری تف
پەنجەیان بردین تاسەر پەلەپیتکەی خۆکوشتنی و
نەمانکرد بە مەرگ بڵێین:
لێگەڕێ با روومەتمان لەژێر زللەی عەزابی نارنجی تۆدا هەڵخەین
دڵمان پڕ بوو لە ترپەی بێبڕوایی و
زمانیشمان سەرڕێژ لە نووری کفر
ئەو رۆژانەش کە لە شیلاوگی حەیادا بووینە قسەی خەڵکی و خوساین
نەکرا راهیبەکانی منارەو قوببەکانی عیبادەت تێگەیەنین
زەڕین سروودی دەمی کەناریی نییەو
سمۆرەش کە لە خەوی ناو قژی درەختێك هەڵەستێت نابۆڕێنێت !
گاهێك رانەوەستاین لە نەفەسی ئەو باخچەیە بمژین
کە لە کۆتا نووسینەوەی ئەدرێسەکانی خەزانا بوون بە غرووری هەناسەمان
من نەوتن دەستی بڕیم، تۆش قسە تاریکەکانی بەر باران
من باران کردمی بەم پیاوە نووزە درێژەو تۆش بێدەنگی
بمبوورە عەزیزم بمبوورە
زۆر نا، بایی بەخشینی چڵێك هەتاو لە عەقیدەی بەفرا
بە ئەندازەی لێبووردنی پەنجەرەیەك
لە بەردی دەستی مناڵانی گەڕەك
ئێمە کەسمان جەسارەتی نۆشینی کوپێك ژەهرمان نەبوو





بە عارەقی تەڕی چەپکێك رێحانەوە ...
ئەگین بەهەشتی ئێمە لە قەراغ پەرژینی باخێکی بچووکدا ئەبوو
ئیمانمان بە شەهادەتی شارێك مێروووولە نەهێنا
لەژێر پێی رەقیبێکی کوێرا
ئەگین دۆزەخی ئێمە پێیەك لەولا دەرگای حەوشەکەمانەوە دەبوو
کاشکا لەسەر عەردی ئەم مەحاڵە توتڕکی وەفا نەڕوایە
بریا ئەو نامەیە هەر نەنووسرایە بۆ گڵ
دەنا دوای پەرتبوونی حووسنی دارتێلەکان
کەزییەی دەستگیرانە قوڕینەکانیان نەدەبڕین
ئەو هەموو خوێنەیان لەبەر پێڵاوە تاکەوتاکەکانی
رەشەبادا نەدەڕشت ...
ئەوان درەنگ یەکەمین سەفەری خۆیان کرد
دەستیان هەڵنەبڕی و نەیانوت:
لە ئاوازی گۆرانێکانی ئێوەدا تا ئەبەد غەریبیمان رائەچڵەکێت
تەمەنتان وەك حەسیری بەرهەیوانی غەریبێکی نەدیو
بۆ هەمیشە لەبەر پێی گەڕانەوەی ئێمەدا راخراوە ...
لە یەقینی ئێوەوە چارەنووسی ئەودیو سەفەر دیارەو
ئاهی ئێوە لە باوەشی ئەولیاکانیشدا بێت ئەمانگرێت ...
وایان نەگوت و رۆشتن !
فێریان کردین تا مردن بەدوای سێبەری کەسدا رانەکەین
لەپی دەستمان نەخەینە بەردەم سیحری چاوی هیچ فاڵچییەك
رۆشتن و فێریان کردین بۆ لەمەودوا
بە تەفسیری زامزەدەیەکی عاشق ...
نەڕوانینە خوێنی بەجێماوی سەر تاڵەکانی مێشکوژێك
تەماشای دڵۆپە ئاوی مەستی سەر ئاوێنەیەك نەکەین
بە گومان بین لە کڵۆیەك شەکری نوستووی ناو چایەکی تاڵ و
باوەڕ نەکەین بە سێوی روو زەردی بەردەم خەونی سەبەتەیەك
ئێمە حاشامان کرد لە قسە ساردو سڕەکانی بەر لە رۆشتن

**چونکی لە هەموو زەرکۆکانی ژیان پێکراوتر ئێمە بووین**
**نەدەکرا ئەو تیرە لە دڵمان دەربێنین**
**کە گرتیانە دڵی کوکوختیەکانی باخی گشتی و**
**ئێمە بەدەم نووسینەوەی پەڕەگرافەکانی گمەوە**
**سنگمان دایە بەری ...**
**تازیارمان تەنها مەیینی عیشق بوو بە کەڤاڵی سووری رۆحمانەوە**
**وشکبوونەوەی ئەو هەتوانەش کە هەتاوی لەبەر دەڕۆی**
**خۆشکردنەوەی رەهێڵەی ئەسرین و**
**سەرلەنوێ دارِشتنەوەی ئەبجەدی بارِێزەی مەرگ**
**ئەوە بوو سەفەری شەوانی بێداریمان بە سەفینەی حوزنێك**
**کە جگە من و تۆ کەسی تری نەگەیاندە**
**کەناری بێنەوایی !**
**ئەوە بوو مەتەرێزی روانینمان لە پەنجەرەی یەئسێکەوە**
**کە جگە لە ئێمە نەیهێشت کەس بروانێتە**
**غوبارە دوورەکانی گومڕایی !**
**ئیتر هاوڕێ ...**
**ئالێرەدا، ژیان جگەرەکەی لەسەر دەستی**
**تەزیوی من ئەکوژێنێتەوە ...**
**پێکەکانی ئەدا بە پەرداخی نامورادی دڵی مندا**
**برینێکی قوڵتر لە نەزاهەت لە ئومێدەکانما چێ ئەکات**
**ئیتر بڕوا مەکە جارێکی تر ...**
**بەختەوەری بە کۆڵانە کوژراوەکانی ئێمەدا پیاسە بکات**
**دڵنیایی بە چەپکێك نێرگزەوە لە دەرگای بەهاری ئێمە بدات**
**بەهار ...**
**رێککەوتنی دایك و فەرزەندەیەکی عیملاق بوو**
**بۆ لە خشتەبردنی من و درەختێکی کورتەباڵا**
**پڕیان کرد لە پەنجەمۆری داربڕو دەستبڕو راوکەرە خائینەکان**
**پڕیان کرد لە شاهێدیی قەتڵ و عامی رۆژە بێگوناهەکانی مارس**





**لە کۆتایی وەرزێکی باڵقدا ...**
**بڕوامەکە لێرە بەدوا بێ ئومێدی داڵدە بدات**
**مەستانە چاو بۆ وێنە تەڕەکانی باران هەڵخەین**
**رارِایی بهێڵێت خوو بە راستە رێگەی بەیانییەکەوە بگرین و**
**بگەین بە باخچە رۆشنەکانی بەر باران ...**
**ئەوەتا سەفەر هەر چاوێکی بۆ کردووین بە هەزار چاو**
**تەنانەت غەریبیی ناو جلی خوشکەکانیشمان بۆ دەگەڕێت**
**هەستە ...**
**بە شیعرێکی فروغ ماڵ پڕ بکەین لە تەنیایی**
**بە گۆرانییەکی ماملێ پیریی لەبیر شار بەرینەوە**
**ئاساییە خۆمان لە تەلەفۆنی برادەرو نامەی سەرکردەکان بدزینەوە**
**ئەکرێت هەر لە سڵاوی سەر شەقامی ئێوارانا تا هەتایە خۆمان**
**لە دۆستایەتی ون بکەین ...**
**بەڵام برینی ئێمە لەناو هەزاران برینی ترا دیارە**
**ئەسرینی من و تۆ لەناو دەریایەك هەنسکدا ئەناسرێتەوە**
**دەی .. ئایەتی ئەو نوێژانە لە شانت دابکەنە**
**کە ویستت لە قدومی مەرکانەی مزگەوتە سەرخۆشەکاندا**
**کەس وەك هەمیشە مەست بانگت نەکات ...**
**تا سەرت ئەگات، ئەو چاویلکەیە فڕێدە**
**کە تەمابوویت لە رازی ئاوێنەوە نهێنی شکانی پێ ببینی**
**من لەمێژە نەواری ئەو گۆرانییانەم تووڕداوە**
**کە حەزرەتی (شەکیلا)یەك هەموو شەوێ**
**بە مەزەی عەزابەوە پێکەکانی گریانی پێ فڕ ئەکردم**
**ئێمە رۆژگارێك بێ ئۆقرە لە چاویلکەکەی نەنە گەڕاین**
**کە هەر بە سەری خۆشیەوە بوو !**
**ئیتر چاویلکەی شوشەو گەڕانی بێهوودە لە پای چی؟**
**بە ئێمە چی خوێندنەوەی غەزەلەکانی پیریی بۆ تەمەن؟**
**بۆ نایەیت نابەڵەد بکەوینە شوێن جێپێی گۆچانێك**

**که خۆت وتت:**
**"عەشق دەچێتە پێچێکییەوەو**
**لە دەستی پیرەمێردێکدا راستی ئەکاتەوە"**
**من لێرە بەدوا بە گۆچان دەرۆم و مێژوو بەسەر ئەکەمەوە**
**بە گۆچان شەقامەکانی ئەڤین ئەناسمەوەو**
**هەر بە گۆچان لە دەرگاکانی خەیاڵ ئەدەم ...**
**تۆش ژەمێك بەرە چاخانەیەکی تاریك و**
**چاوەڕێم بە حیکایەتی سەفەری ئەم تارژەنە غەریبانەت**
**بۆ تەواو بکەم ...**
**ببوورە من دیسان نایەم و خۆت لەبری منیش**
**پێکی ئەو بەستەیە هەڵدە کە هەموو ئێوارەیەکی نەهاتنم**
**پێم دەگووتی:**
**"سەبا ئەگەر یارانی مەجلیس هەواڵی منیان پرسی**
**بڵێ کێشایە مەیخانە دووچاوی بێچووە عەیارێك."**
**نەکەیت چاوەڕێ بیت لە کات و شوێنی خۆمدا بگەم**
**کات و شوێنی من یەك بست لە خوار پێیەکانی دارهەنارەوەیە**
**نزیکە لە خەونی شەلاڵی ناو قژی خاوی شۆڕەبی ...**
**من لە ڕێگەدا دەیان جار**
**لا ئەدەمە ژێر باڵی سێبەری درەختی دڵشکاو**
**لە چاوی پڕ گلەیی ژنانی سەوزەفرۆش ئەڕوانم**
**هەر غەریبێك بانگم بکات رائەوەستم و**
**وەڵامی هەموو مناڵە پرسیار فرۆش و عەلاگە فرۆشەکان ئەدەمەوە**
**برادەر گیان**
**من ئێوارەیەك لە وەتاغی دانیشتنی کچێکی قەیرەدا**
**کتێبێك پێی وتم:**
**ئینسان کە لە سێبەرەکەی خۆی نەپرسیەوە بۆ کوێ هەڵدێت**
**ئیتر هەتاو کوا دەتوانێت چاوەڕوانیی جەستەیەکی ماندوو**
**بخاتەوە نێو زەینی !**





**دڵنیابە من ناگەم و سەربووردەی کۆچی**
**ئەم سەراب پەرستە بێکەسانەش دوایی نایە ...**
**ئەوان درەنگ یەکەمین و ئاخرین سەفەری خۆیان کرد**
**دەستیان هەڵبری و وتیان:**
**ماڵی نیازەکانی ئێوە پڕە لە جێهێشتن**
**مەودای خەونەکانتان هێندەی عومری پەپولەیەك کورتە**
**لە دەستاندا مێلاقەی برین ئەڕوێ و**
**لە چاوتاندا ئایندەی خۆمان ئەبینین بە پیری**
**وایان گوت و رۆشتن !**
**لێرە بەدوا ...**
**سەدەیەکی تریش خۆمان بۆ یادگاری هەڵگرین**
**دەستمان ناگاتە ئەلبومی سەبای ئەم سەفەرە**
**ئەم دوا گریانەم لە تۆدا ...**
**سەر لە نوێ شکستە بۆ گەیشتن بە دوا توحفەی ئەمەل**
**ببەخشە کە لە کۆتایی هەموو حیکایەتێکدا لەیەك دەچین**
**من و تۆ پێکەوە لە پەراوێزی سەفەرا**
**وەسێتنامەو گلەییەکانی خۆمان بۆ یەکتری نووسییەوە**
**بۆیە هەر کە هەست بە گەرمی سەرپەنجەکانی ژیان ئەکەم**
**بەشەرمەوە ئەمەوێت نەمرین و**
**بگەڕێینەوە لای یەکێك لە سێبەرە تەرەکانی تەنیایی.**

**پەراوێزەکان :**
١/ شەکیلا: ئامێزەدانە بە گۆرانی (نەوایی نەوایی)
٢/ "عەشق دەچێتە پێچێکییەوەو
لە دەستی پیرەمێردێکدا راستی ئەکاتەوە"
دێرێك شیعری (هێمن ساڵح) خۆیەتی .
٣/ "سەبا ئەگەر یارانی مەجلیس هەواڵی منیان پرسی
بڵێ کێشایە مەیخانە دووچاوی بێچووە عەیارێك ."
بەیتێك شیعری شاعیر (ئەحمەدی ساحێبقران)ە .

# گەمەکانی باپیرەم



نەجات نوری

(هەندێك لەخەڵكی دەیانوت دەرگایەك نییە لەم شـارەدا باپیرەت پێی تێنەخستبێت...)

ئێوارەیەك درەنگ، کە دەیکردە نیوەی مانگی ئاب، لەوەدەچوو ساڵی مەرگی ئەو کەسانەبێت کە بران بۆ شکاندنی تێنوێتی بیابانەکان، ئەوە ساڵێکە هەڵگری هەزاران حیکایەت و وەیشوومەی ناو تەمەنی هەموومانە، هەمیشە باپیرەم دەیوت بیابانەکانی ئێستا بەخوێن تینوێتیان دەشکێت..

ئەو ئێوارەیە... ئەو پیاوەی تەمەنی گەیشتبووە سەروو شەست ساڵ، دەرگای خانووی ژمارە ٧٤ی کردەوە، وەکو ئەوەی لەدوا شوێنی یادەوەرییەکانی بڕوانێت، لەحەوشەکەدا کەوتە تەماشاکردنی درەختە وشکەوەبووەکان، لەو گیاوگوڵە وشکانەی دەڕوانی کە پانتایی ناو حەوشەکەیان داپۆشیبوو.. ئەو پیاوە بەلاسەرووی دیواری حەوشەکەوە ئەو دێڕە نووسینەی خوێندەوە کە دوا نووسینی یەکێك لەبرا کوژراوەکانی خۆی بوو (لەدوای ڕۆژانی باپیرەم ڕۆژانێکی تر بۆ ئێمە نییە) ئەو برایەی زۆرکات ئەوە پیشەی بوو، بەردەوام لەگەورەبوونیشیدا دیواری ژوورو حەوشەکەی دەنووسی. ئەو هێشتا تارمایی هەموو خێزان و براکانی لەناو ئەم درەخت و پووشە وشکانەی ناو حەوشەکەدا دەبینی، ئەوانەی بەخوێن پەروەردە کران و هەریەکەیان بەجۆرێك تەمەنیان





بەم شارە بەخشی، ئێستا لەهەموو لایەکەوە ئەوان دەبینێت، ئەو برایەی بەردەوام دیوارەکانی دەنووسی هێشتا قەڵەمە ڕەشەکەی بەدەستەوە بوو، بەڵام لەبری دیوارەکان، ئێستا هەمووگیانی خۆی دەنووسێ. ئەو لەدوای ساڵانێکی زۆر لەمەرگی ئەو برایەی ئێستا لەناو پووشە وشکەکەی حەوشکەدا دەیبینی.. چاوی بەو پەردە ئەستوورانەدا دەگێڕا کە بەپەنجەرەی ژوورەکانەوە ساڵانێك بوو دادرابوونەوە، ئەوساڵانە کەس ناو ئەو ژوورانەی نەبینیبوو. لەوحەوزە بچووکەی ناوەڕاستی حەوشەکە نزیك بووەوە (هەست دەکەم هێشتا پاشماوەی هەناسەی باپیرەم لێرەدا ماوە، من دەزانم هێشتا باپیرەم بەناو ئەم حەوشەیەدا دێتو دەچێت، دەزانم ئەو نایەوێت بمرێت، ناو ئەم حەوشەیە گۆڕستانی خێزانەکەمانە، ئەو خێزانەی باپیرەم هەموویانی بەخوێن، بەکوشتنی خەڵکی پەروەردە دەکرد.. لەهیچ لایەکی دونیادا ناتوانم باپیرەیەکی وەکو باپیرەم بدۆزمەوە کە خوێن و کوشتنی خۆشویستبێت، ئاخر باپیرەم هەر هیچی دەستنەکەوتایە لەکوشتنی خەڵکی.. براکانی خۆی، خوشکەکانی، برازاو، خزمەکانی خۆی دەکرد بەگژ یەکتریدا، دواتر یەکێکیانی دەکوشت.. هەموومان دەمانزانی ڕۆژەکانی باپیرەم دابەشکرابوو بەسەر کوشتنو خوێندا، هەموومان دەمانوت (لەدوای ڕۆژانی باپیرەم ڕۆژانێکی تر بۆ ئێمە نییە)، بەڵام ئێمە بەڕۆژانی خۆمان گەیشتین، یان خەڵکیی کوشتینی، یان باپیرەم خۆی یەکە بەیەکەمانی کوشت. بەردەوام ئێمە قێزمان لەخۆمان دەهاتەوە، باپیرەم بەرگی کوژراوەکانی دەهێنایەوەو لەبەری کوڕەکانی دەکرد، دەیوت ژیان لەناو ئەم بەرگانەدا ڕێگاکانی تەمەن دەباتەوە سەر ئەو ڕێگایانەی تەیموری لەنگ پێیدا گوزەری دەکرد، ئەو هەمیشە بیرەوەرییەکانی تەیموری لەنگی لەژوور سەری خۆیدا دانابوو، دەیانجار ژیاننامەی ئەو پیاوەی بۆ ئێمە دەخوێندەوە.. هەموو بەرگەکانی بەری خۆیشی بەرگی بەری ئەو کوژراوانە بوو کە بۆ خۆی دەیکوشتن.. تاڕۆژی مردنەکەشی چاکەتی یەکێك لەکوژراوەکانی لەبەردا بوو، لەم سەرزەوییەدا کەس وەکو باپیرەم حەزی لەبەرگی کوژراوەکان نەبوو تا لەبەری بکات، کوشتنو حیکایەتی کوژراوەکان بۆ ئەم باشترین کاری ڕۆژانەی بوو. سەیر ئەوەبوو تاساڵانێك بەر لەمردنەکەی وێنەیەکی ئەو کوژراوەی لەگیرفاندابوو، هەمووجارێك پیشانی ئێمەی دەدا، زوو زوو دەیوت بۆیە نایدڕێنم، چونکە پیاوێکی ئازابوو، هیچ لەمردنی خۆی پەشیمان نەبوو، پیاوێك بوو پێیوتم: تۆ دەتوانیت من بۆ یەکجار بکوژیت، بەڵام ناتوانیت قەت منت بیربچێتەوە، هەروایش بوو بڕوابکەن تاکو ئێستا ناتوانم لەیادیبکەم. ئاگام لێبوو ڕۆژێك بەسووکی بۆ ئەو وێنەیە دەدوا (تۆ وەکو خۆم وابوویت، لەباڵادا، لەدەموچاو و لەقسەکردنو لەتەمەندا، هەستدەکەم من خۆم خۆم کوشتبێت نەك کەسێکی تر، دەکرێت خودا خۆمی کردبێت

بەجەللادی ڕۆحی خۆمو بەخۆم خۆمی بەکوشتدابێت.. نەمدەزانی بۆچی تۆ بەو گوللانە نەدەکەوتی کە پێمەوەدەنایت، کە ڕامانکێشایتە سەر زەوییەکە قەترەیەك خوێن چییە لەبرینەکانت نەدەهات.. من دوای ساڵانێکی تر لەمەرگت، تۆم لەسەیرانگایەکی پڕ لەخەڵکدا بینییەوە، زۆر سەیر تەماشای دەستت دەکردم.. تۆ یەکەم کەسیت کە من ناتوانم لەخۆمت دابڕم و لەبیرت بەرمەوە).

بەدەم تەماشاکردنی ناو خانووەکەوە کە لەنیشتمانێکی خاپوورکراو دەچوو، دەیویست بگاتە ناو ژوورەکەی جارانی خۆی (باپیرەم هەشتا ساڵ تەمەنی بەسەربردبوو، بەبێ ئەوەی بۆ تاکە جارێك وشەیەك بۆچاکەی هاوڕێکانی بڵێت، سەیر هیچی لەیادەوەرییەکانی خۆی بۆ کەس باسنەدەکرد، ئەو دەرچووی زانکۆ بوو، کەچی سەیر پیشەی پیاوکوشتنی هەڵبژارد، سەیر گۆرانی بەڕابردووی خۆیدا دەوت.. هەموو بیروباوەڕەکانی دونیای بەهیچ دەزانی، گاڵتەی بەشیعرو ئەدەبو گۆرانی دەهات، تامرد لەستایشی خۆی زیاتر هی کەسی تری نەدەکرد.. بۆ زەمەنێکی زۆر وێنەیەکی (پۆل پۆت)ی دیکتاتۆری وڵاتی (کەمبۆدیا)یی بەژووری نووستنەکەیدا هەڵواسیبوو). بەگەیشتنی بۆ ژوورەکەی خۆی، بە بەرگو پێڵاوەکانییەوە لەسەر قەرەوێڵە تۆزاوییەکەی جارانی خۆی ڕاکشا (نازانم چۆن چۆنی لەم تابووتەدا ئێمە گەورەبووین، کێ هەبوو لەمماڵەدا خاوەنی خۆی بێت، جگە لەباپیرەم، ئەو زۆرکات کە ڕقی هەڵدەستا دەیویست هەموومان لەبرساندا بکوژێتو بۆ چەندین ڕۆژ نانخواردنی لەم ماڵەدا لێ قەدەغەدەکردین، زۆرکات برا بچووکەکەم لەبرساندا لەخودا دەپاڕایەوە کە نانێکی سووتاوی لەپەنجەرەکەوە بۆ بخاتە خوارەوە. ئێستا لەکیسەڵێکی پیر دەچم، نازانم لەپیاوێکی مۆمیاکراویش دەچم، لەوە دەچێت خوداوەند بۆ گێڕانەوەی یادەوەرییەکانی باپیرەم منی جارێکی تر گەڕاندبێتەوە بۆ ناو ئەم شارە، من دەزانم لەهەمووشتێك دەچم، تەنیا لەمرۆڤ نەبێت، چونکە هەموو گوناهەکانی باپیرەم قبوڵکرد.. نەوەیەکمان فێرکرد، بەردەوام شوێن هەنگاوە خوێناوییەکانی باپیرەم بکەون. لەبەردێکی ئەم خانووەوە تا دەگات بەهەموو شتەکانی ناوی بەخوێنی هاوڵاتیانی ئەم شارە دروستکراوە، نازانم من کێ لەدوای ئەم هەموو ساڵانە گەیاندمیەوە بەردەرگای ئەم خانووە. هەمیشە دەپرسم ئەی بۆچی باپیرەم لەزەتی لەکوشتن وەردەگرت..).

هێشتا تاریکو لێڵی بەیانی بوو ئەم هەر بەخەبەر هاتبوو.. لەسەر ئەو قەرەوێڵە تۆزاوییە کە ڕاکشابوو (هەر دەبێت ئێمە لەسەر دوا کردارەکانی باپیرەمان بکوژرێین، من دەزانم کەس بڕواناکات ئێمە کەسانێك بین، دوور لەیادەوەرییەکانی باپیرەمان بۆ خۆمان ژیابێتین.. هەمیشە لێرە کردارەکانی باپیرانمان بۆ ئێمە دەبێتە تاڵترین ڕۆژەکانی





تەمەنمان، لەوەدەچێت ئەم خانووە نیشتمانی ئێمەبێت، بەڵام نیشتمانێك لەخوێن، نازانم دواجار ئێرە چی بەسەردێت) بەژوورەکاندا بەو بەیانی زووە کەوتە گەڕان.. لەگەڵ کردنەوەی دەرگای ژوورەکەی باپیرەیدا، لەبەردەم پەنجەرەکەدا باپیرەی بینی، دەیویست خۆی بۆ ناو حەوشەکە هەڵبدات.. کراسێکی خۆڵەمێشی لەبەردابوو.. دڵنیام جاران بەوکراسەوە بینیومە، دەزانم ئەو کراسە هی یەکێك لەو سەربازە هەڵهاتووانە بوو کە باپیرەم لەلای سنەوبەرەکاندا گوللەبارانی کردبوو. بەلاکردنەوەی بۆلای وێنە گەورەکەی باپیرەی کە بەلای ڕاستی دیواری ژوورەکەدا هەڵواسرابوو، تارمایی باپیرەی لێ ونبوو، ئەوەی بەبیرداهاتەوە کە ٣٦ ساڵ لەمەوبەر باپیرەی ئەم خانووەی پێبەخشی و پێیوت (کە دڵنیابووی لەوەی لەدوای خۆت کەس نییە باسی من بکات لەم شارەدا، لەنەوەکانمان ئەم خانووە بەهەموو یادەوەرییەکانی منیشەوە بسووتێنە، ئەگەر وانەکەیت لەنەوەی من نیت، ئەمرۆت لەیادبێت، تا بەبڕواوە منیش سەفەری تەمەنی خۆم بکەم، دەزانم ئێوە نەوەیەکن زۆر زوو ئێمە لەیاد دەکەن..) ئێوارە درەنگ بوو کە باپیرەم ئەو قسانەی بۆدەکردم، دواتر لای حەوزە بچووکەکەوە بەم جۆرە گۆرانی دەوت (وانەیەك لەمنەوە فێربن ئەی نەوەی هیچ و پووچ، هیچ بۆ ژیانی من مەڵێن، گوناهێك چییە من نیمە.. ئەمە بەهەموو خەڵکی شار بڵێن.. دەزانم ئێوە ناتوانن وەکو من خەڵکی فریوبدەن و بشتوانن لای خەڵکی خۆتان خۆشەویست بکەن...) بەدەم گۆرانی وتنەوە هەموو ئەو کاغەزانەی پەیوەندییان بەخانووەکەوە هەبوو، داپێم.

ئەم لەوێنە گەورەکە نزیك ببووە باپیرەی بەدەستوخەتی خۆی لەلا خوارووەوە لێی نووسیبوو (بۆمانەوەی خێزانەکەمان بەشداری هەموو گەمەکانی ناو خەڵکی بکەن) ئەم نەیدەزانی کێ ئەم وێنە گەورەیەی بۆ باپیرەی کێشاوە، زۆرکات باپیرەی لەبەردەم پەنجەرەکەدا لەسەر دۆشەکەڵەیەکی گەورە دادەنیشتو لەحەوشەو کۆڵانەکەی دەڕوانی، خەڵکی کۆڵانەکە لەهیچ کاتێکدا سەردانیان نەدەکرد.. بۆ وەرگرتنی مووچەکەشی هەموو سەری مانگێك ماتۆڕسوارێك مووچەی خانەنشینییەکەی بۆ دەهێناو کاغەزەکانی پێ ئیمزا دەکرد. ئەم وێنەکەی لێکردەوەو بردیە بەردەم پەنجەرەکە، لەوکاتەدا باپیرەی بینی لەبەردەم دەرگای حەوشەکەدا ڕاوەستاوەو بانگی ژنە مردووەکەی دەکات. ئەم وێنەکەی لەپەنجەرەکەوە فڕێدایە خوارەوە، وتی (ئیتر با شار کەمێك بێ وێنەی تۆ پشووبدات) بەژوورەکاندا دەگەڕا (بۆ دەبێت ئەو ژنانەی لەنەوەی ئێمەن وەکو پەپوولە تەمەنیان کورتبێت، نەنکم دوای یازدە ساڵ لەگەڵ باپیرەمدا مرد.. چاوەکانی هێندە ڕەش بوون کەس نەیدەوێرا تەماشای بکات، کە مرد باپیرەم، سەیر بۆماوەی یازدە ساڵ لەحەوشەکەی ماڵەکەیدا لەگۆڕی نا، ساباتێکی لەدارمێو بۆ دروستکرد، شەوان

تادرەنگ چرایەکی لەسەر گۆڕەکەی بۆ دادەگیرساند.. خۆشی تادەنووست لەپەنجەرەکەوە لێی دەڕوانی، کارەکەرە پیرەکەیش کە ژنێکی بەرەچەڵەك تورك بوو.. باپیرەم تەنیا بۆ پاککردنەوەی ئەو گۆڕە هێنابووی شەوان بەترسەوە چراکەی دەکوژاندەوە، زیاتر لەچل کۆتر بەردەوام لەژێر ساباتەکەدا گمەیان دەهات.. زۆرکات خەڵکی کۆڵانەکە گوێیان لەو گۆرانیانە بوو کە باپیرەم بۆ مەرگی نەنکمی دەوت، باپیرەم لەمانگی ئابدا زۆربەی ڕۆژەکانی لەسەر گۆڕەکە بەسەردەبرد، ناوی هەموو ئەو کەسانەی بە من دەوت کە خزم‌و کەسوکارمان بوون‌و خۆی کوشتبوونی، دەیان‌و سەدان ناوی فێرکردبووم لەناوی ئەو کوژراوانە، لەو مانگەدا پاڕانەوەیەکی سەیر دەپاڕایەوە، لەو مانگەدا وەکو شێتی لێدەهات.. سەیر جنێوی بەم مانگە دەدا، زۆرکات دەیوت ئەگەر ئەم مانگەم بۆدەکرایە گیانلەبەر، خۆم دەمزانی چۆنچۆنی دەمکوشت، لەم مانگەدا ئاوا دەدوا، کە ئەو مانگە تەواو دەبوو کەس بۆ حەوت ڕۆژ نەیدەبینی، دەچووە ژوورەکەی خۆی‌و لەسەر زەوییە ساردەکە رادەکشا، کە دەمبینی ئاوا راشکاوە خەریك بوو لەترساندا دەمردم، دوای یازدە ساڵ بەیانییەك هەموومانی کۆکردەوەو گۆڕەکەی هەڵدایەو تەرمەکەی نەنکمی گواستەوە بۆ گۆڕستان‌و ساباتەکەشی تێکدا، دەیوت تەرمەکە دەبەین بە بەهەشتێکی تری دەسپێرین، دەزانم ئێستا ڕۆحی شادە بەم گواستنەوەیە، ناهێڵم کەس دەستی بەر تەرمەکەی بکەوێت) ئەم لەم بیرانەدابوو کە بەپێلەقە کەوتە شکاندنی ئەو وێنە بچووکەی باپیرەی لە ڕاڕەوەکەدا هەڵواسرابوو. بەگەیشتنی بۆ ژوورەکەی نەنکی لەپەنجەرەکەیەوە باپیرەی بینی ڕێك لەشوێنی گۆڕەکەی نەنکیدا بەپێوە راوەستاوە، شیلەیەکی ڕەش بەگیانیدا دێتە خوارەوە، بانگی ئەم دەکات (بیسووتێنە، زووکە لەناو هێلانەی سەر سنەوبەرە وشکەکە ڕۆحی منیش دەربهێنەو لەگەڵ خانووەکەدا بیسووتێنە، زووکە من ناتوانم لەم شارەدا ڕۆحم دەرچێت تا وێنەکانم‌و ئەم خانووە مابێت) ئەم پاڵێکی توندی نا بەو دۆڵابە تەختەیەی کە جلوبەرگ‌و شتەکانی باپیرەی تێدابوو، هەمووشتەکانی ناوی کەوتنە بەرقاچییەوە (بۆچی کە باپیرەم مرد کەس لەگەڵ تەرمەکەی نەهات بۆ گۆڕستان، مەلای مزگەوتی گەورە ئامادە نەبوو درووودی مالآوایی لەسەر تەرمەکەی بخوێنێت، دایکم دەیوت بچۆ بەشارەوانی بڵآ بابێن پیاوە قارەمانەکەی دەوڵەت ببەن‌و بەخاکی بسپێرن، تەنانەت دایکم بۆی نەگریا، کە شارەوانی تەرمەکەیان برد، ماڵەکەمان سەیر بێدەنگی دایگرت، بێدەنگیەك تاکو ئێستا من ناتوانم ئەو ڕۆژە لەیادبکەم.

باپیرەم بوو بوو بەئەفسەرێکی پلە باڵای پۆلیس، ببووە پیاوێك هەمیشە دەیوت ئیتر ڕۆژێك بۆ من‌و ڕۆژێك بۆ خەڵکی شار تابزانین کێ کێ دەبەزێنێت. ببووە ئەفسەرێك تاکو ئێستا خەڵکی لەهاتن‌و لەڕۆیشتن‌و لەقسەکانی دەترسن، ئەوانەی بەمەرگ لەشارو



گوندەکاندا حوکم دەدران‌و دەهێنرانە بەندیخانەکانی ئەم شارەوە، باپیرەم رادەسپێدرا تاکو گوللەبارانیان بکات، ئەویش دەیهێنانە شوێنی ئەم خانووەو گوللەبارانی دەکردن.. خەڵکی بینیبوویان بەر لەوەی گیراوەکان گوللەباران بکات، بەرامبەریان بۆ ماوەیەك دادەنیشت، جگەرەی دەکێشاو دەکەوتە قسەکردن لەگەڵیاندا، خەڵکی بینیبوویان چۆنچۆنی بەسووکی ئەو گیراوانەی دەدوان.. وەکو ئەوەی خودا بۆماوەیەك تەمەنی ئەو گیراوانەی درێژکردبێتەوە، ئەو پۆلیسانەی لەگەڵ باپیرەم دەهاتن بۆ گوللەبارانکردنەکان، لەدوورەوە بێدەنگ لەهەموو شتەکانیان دەڕوانی.. ئەم شوێنەی ماڵی ئێمە جاران دوورترین شوێنی شاربوو، باپیرەم کە خانەنشین بوو بۆخۆی داوای لە ئەم زەوییەی کردبوو، دەوڵەتیش پێیان بەخشیبوو، دواتر کردی بەم خانووە گەورەیە.

ئەم بەرگەکانی بەرقاچی بەنووکە شەق فڕێدایە بەردەرگای ژوورەکە (بەردەوام بۆنی هەمووشتێکی تۆ دەکەم، شوێن دەستەکانت، شوێن پێیەکانت، شوێن جێگە نووستنەکەت، هێشتا لێرە بۆنیان لێدێت، چەند سەیر بۆنی تۆ شارێکی هەراسانکردووە..) کە ئەم خەریکی گەڕانی ناوژوورەکان بوو، هەستیدەکرد هێشتا دەنگی باپیرەی لەدەرەوە دێت (نەوەیەکی دڕندەین، زووکە هەموو یادەوەرییەکانم بسووتێنە، زۆرکات دەمویست تۆ لەتلەتکەم، بۆیە نەم کوشتی تا دواجار هەموو پاشماوەی خێزانەکامان لەم شارەدا لەناوبەریت. کەس ئێستا دڵی بەم خێزانەی ئێمە خۆش نییە لەم شارەدا، دەزانن هەموومان دواجار دەبینە بکوژی منداڵەکانیان..چاکەیەك نییە ئێمە بۆ خێزانەکانی ئەم شارە کردبێتمان، من ئێستاش تیمساحێکم لەناو خوێنی خێزانەکانی ئەم شارەدا دەژیم.. تۆ دەزانی من بەر لەکوشتنی ئەو کەسانەی دەمکوشتن، هەمیشە گوڵێکم یان گەڵایەکی سەوز یان چڵەگیایەکم پێدەبەخشین‌و لەسنگیانم دەدا.. بۆئەوەی لەو دونیا، بەو شتانەدا بیانناسمەوە، من ئێستا باپیرەی تۆم زووکە هەموو شتەکانم بسووتێنە، چونکە ئیتر کەس قەدری ئێمە نازانێت.. سەیر نەوەیەکم لەخێزانەکەمان بەخوێن پەروەردەکرد.. زووکە زوو) هەستی بەبۆنێکی زۆرناخۆش دەکرد، کە ئاوڕیدایەوە بینی باپیرەی بەرەو لای دێت.. باوەشی بۆکردووەتەوە، ئەم ویستی خۆی لەپەنجەرەکەوە بۆ حەوشەکە فڕێبدات نەیتوانی باپیرەی گەیشتبووە لای، پێیدەوت (تۆیش وەکو من یەکێکی لەوانەی بەردەوام خەڵکت گوللەباران دەکرد، پێویستە هەردووکمان بەیەکەوە بسووتێین.. تاشارێك لەخۆمان پاك بکەینەوە) ئەم هەستیدەکرد ڕۆحی باپیرەی لەناخیدا لەگەڵ ڕۆحی خۆیدا دەدوێت، لەناو ژوورەکاندا لەگەڵ خۆیدا دەدوا (نازانم باپیرە جاران بۆ دەتویست من بکوژیت.. ئەوەتا شوێن چەند گوللەیەکت بەقاچمەوە دیارە، لەلایەن تۆوە پەروەردە دەکراین‌و لەلایەن تۆشەوە چەند کەسێك لەخێزانەکەمان کوژراو ئەوانی

تریش هەڕەشەی مەرگت لێدەکردن..خێزانێکی سەیر بووین، لەپێشوازی هەموو سەرۆکەکاندا ئێمە ئامادەبووین، وێنەی ئەو سەرۆکانەمان لەماڵەوە هەڵدەواسی، بەدرێژایی تەمەنی خێزانەکەمان ئێمە وێنەی حەڤدە سەرۆكو مەلیکمان لەم ماڵەدا هەڵواسی، سەیر کە تۆ مردیت تەنیا چوار کەسو شۆفێرێکی شارەوانی لەگۆڕیان نایت، بەبێ ئەوەی ستایشی رۆژانی تەمەنت بکەن.. تاکە منداڵێکی ئەو سەرۆکانە نەهات بۆ پرسەکەت) لەگەڵ ئەم قسانەدا زوو زوو سەری خۆی دەدا بەدیواری ژوورەکانداو دەیوت (تکا دەکەم لاچۆ لەناخمدا) چاوی بڕیبووە ئەو کاتژمێرە کۆنەی بەدیواری ژوورێکەوە هەڵواسرابوو.. دەمێك بوو لەکارکەوتبوو، تەماشای ئەو پەڕەی رۆژژمێرەی دەکرد کە مێژووی لەدایکبوونی باپیرەی لێ نوسرابوو.. وێنەیەکی باپیرەی بەبچووکی لێدرابوو، لەوە دەچوو یەکێك لەمنداڵەکانی ئەم خێزانە کاتی خۆی ئەو شتانەی لەسەر ئەو پەڕەی رۆژژمێرە دروستکردبێت. لەناو ئەو وێنانەی کە لەناو ژوورەکەدا کەوتبوون وێنەیەکی بینی کە باپیرەی بەدیار چەند تەرمێکەوە راوەستابوو، ئەم لەناو ئەو تەرمانەدا وێنەی خۆی بینی... رێك لەبەر پێی باپیرەیدا کەوتبوو. ئەم بەر لەوەی دەستبەرێت بۆ وێنەکە، دەنگێك بەتوندی بانگیکرد (چەند گێلی تۆ هێشتا لەوە دڵنیانیت کە باپیرەت لەرۆژێکی پایزی ساڵی ١٩٩٨دا هەموو خێزانەکەتانی بەیەکەوە کوشت، لەرۆژی ١٥/٨/١٩٤٦ باپیرەت یەکەم کەسی لەم شارەدا کوشتو دواجاریش بەر لەمردنی ئێوەی گوللەبارانکرد.. ئێوە تاکو ئێستا باپیرە گەورەی خۆتان ناناسن..) سەیر کاتژمێر کە لەشوێنەکەی خۆیەوە کەوتە خوارەوە.. ئەم هێشتا لەوێنەکەی دەڕوانی. بەهەڵگرتنی وێنەکەو رۆیشتنی بۆ حەوشەکە دەنگی نەنکی دەبیست (ئێوە زەوی شارێکتان بەگوناه سپارد، با شەرم دەکات بەسەر گۆڕەکانتاندا بڕوا، باپیرەت منی وەکو ژنێکی یاخی لەم ماڵەدا بەندکردبوو، هەمووتانی لەیەك گۆڕدا ناشتووە، تفەنگەکەشی لەسەر تەرمەکانتان داناوە، خەڵکی ئەم شارە بەردەوام بەدەست کردارەکانی ئێوەوە لەگریاندان.. ئێوە لەدایكو باوکێکی ئیماندار لەدایك نەبوون، هەمووتان بەناشەرعیی لەژنانی جیاجیا لەدایکبوون..) ئەو جلوبەرگەکانی باپیرەی کە لەپەنجەرەکانەوە هەڵیدابوونە ناو حەوشەکە پێی بەسەردا دەنان (تەمەننا دەکەم جارێکی بگەڕێمەوە سەر شەقامەکانی ئەم شارەو لەدرەختو لەخەڵکیو لەسواڵکەرو لەهەموو شتێکی دەپاڕێمەوە تا لەگوناهەکانم ببوورن، لەوە دەچێت هەموومان وەکو باپیرەمان شارمان بەگریانو تاوان سپاردبێت) لەحەوشەکەدا سەیر دەنگی باپیرەی دەبیست لەدەنگی پشیلەیەکی برسی دەکردو دەپاڕایەوە (زووکە لەنزاکانی نەنکت رزگارمکە، برۆ پیاوێکی ئیماندار بێنە بەمردوویی لەگۆڕەکاندا لەیەکمان مارەبکەن)، ئەم دەیزانی بەدرێژایی ئەو ساڵانەی



کە ئەو ژنە لای باپیرەی بوو.. نەیبردبووە لای هیچ پیاوێکی ئایینی بۆ مارەکردن. ئەو ژنە بەردەوام لەباپیرەی دەپاڕایەوە پێیدەوت (لەهەموو گوناهی ئەم ساڵانەت دەبوورم، برۆ بابچینە لای پیاوێکی ئیماندارو بەویستی خودا بۆ یەك بینو لەیەکمان مارەبکات..) باپیرەی هیچ گوێی بەم پاڕانەوانەی نەدابوو. ئەو ژنە تا مرد هەموو رۆژێك لەم پیاوە سەیرە دەپاڕایەوە تا بیباتە لای کەسێكو لەخۆی مارەبکات. لەلا سەرووی حەوشەکەوە باپیری بینی دەست و قاچی کرم تێیدابوو لەم دەپاڕێتەوە (من ئەو ژنەم دوور لەویستی خۆی کردە ژنی خۆم، لای هیچ پیاوێکی ئایینی مارەم نەکرد، شتێکم بۆ بکە شتێك بۆگوناهەکانم بکە با نەنکت لەگەڵدا قسەبکات، دەزانی کە مردیش نەمهێڵا کەس درودی ماڵئاوایی لەسەر گۆڕەکەی بخوێنێت.. من لەناو ئەم حەوشەیەدا بەردەوام دەگریم ناتوانم بگەمە لای رۆژەکانی نەنکت..) کرمەکانی سەرگیانی باپیرەی گەیشتبوونە سەر قاچی، ئەمیش سەیر بەخۆی وت (من لاوێتی باپیرەمم، گەڕامەوە تا ویست و وەسێتەکانی باپیرەم بەجێ بگەیەنم، دەمزانی ئیتر لەهیچ شوێنێکی ئەم شارەدا جێگەی یادەوەریی‌و وێنەکانی ئێمە نابێتەوە.. گەڕامەوە تا دوا یادەوەریی باپیرەم لەناوبەرم، باپیرەم بەردەوام تا مرد گەمەی بەئیرادەو چارەنووسی خەڵکی شار دەکرد، ئێمە بەرهەمی ئەو گەمانەبووین.. ئەوەی بۆم نەکرا لەناویبەرم پاڕانەوەکانی نەنکم بوو.. کە هەموو شەقام و کۆڵانەکانی شاری گرتبووەوە..) ئەم لەدوای گەڕانێکی زۆر بەناو ژوورەکانی خانووەکەدا.. هەموو شتی ناو ئەو ژوورانەی فڕێدابووە ناو حەوشە گەورەکەوەو لەگەڵ جلوبەرگە کۆنەکانی باپیرەیدا ئاگری تێبەردان... ئیتر خۆیو باپیری دەبینی لەناو ئاگری حەوشەکەدا بەگیانی سووتاوەوە هاوار لەیەك دەکەن.



چیرۆك

# مەستوورە نادۆزمەوە

جەلیل کاکەوەیس

هەرچەندە دەستێکی ئەوتۆی وێنەکێشانم نییە، لێ بەردەوام مژوولی هێڵکارییەکەم، خۆ ئەگەر نەمتوانی بیرۆکەی هێڵکارییەکەش بکەم بەتابلۆیەك، ئەوا هەمان بیرۆکە لەو سەربردانەدا خەرجدەکەم، کە رۆژانە بەسەر زاری خەڵکی گەڕەکەکەمانەوەن، هەر وەکچۆن لەمەوبەر سەربردەی ئەو قەیرەکچانەی گەڕەکەکەی خۆمانم تۆمارکردووە، کە گشت عەسرانێك لەبەردەرگای یەکێك لەماڵەکان کەپرۆکە دەکەن و بەتیلچاو دەڕواننە ئەو جحێڵە سەکسوکەدارانەی بەمۆزە مۆز تێدەپەڕن و نافەکیان بای تێدەکەوێت، یان حەکایەتی ئەو ژنە نەزۆکەی لەترسی مێردە دڵکرمێکەی سەر لەدەرگا ناهێنێتە دەرەوە، لێ هەرکە فرسەتێکی بۆ هەڵبکەوێت، بەدەموچاوێکی ئارایشتکراوی تۆخەوە درزێك دەخاتە دەرگاکەوەو بەپەلە سەرێك دەکێشێت و دەرگاکە دادەخاتەوە، یاخود سەربردەی ئەو مامۆستا خانەنشینەی، کە هێشتا سەڵت و رەبەنەو چوون کاهینێك لەخەڵوەتدایەو کەسێك نایبینێت، تەنیا نیشانەیەکی ئاوەدانی ماڵەکەی، بۆنی کەسکونی ئەو شەرابەیە، کە خۆی دروستیدەکات و کۆڵانەکەی سەرخۆشکردووە، یان دیمەنی ئەو ئەفسەرە بێبڕوانامەیەی، کە هەموو بیست رۆژ جارێك بەمۆڵەت دێتەوەو بەفەرمانی ئەو لەسەر تابلۆیەك لەمەسەرو لەوسەری کۆڵانەکە دەنووسرێت: هاتوچۆ قەدەغەیە!

بیرۆکەی تابلۆی سەیروسەمەرەو سوریالی هەمیشە لەخەیاڵدایە، نایشارمەوە هەوادارییەکیشم بۆ حەزرەتی عەلی هەیە، رەنگە ئەمەشم لەسەرسامییەکەی دایکمەوە بۆ مابێتەوە، کە دەیوت: (حەزرەتی ئەلی شێری خودایەو نیوەی ئەم دنیایەی تا حەناس چۆکەکانی بەرزکردووەتەوە)، ئێ منیش دوو وێنەی ئیمامم لەژوورە بچکۆلەکەمدا هەڵواسیوە، یەکێکیان ئیمام سواری پشتی شێرێك بووەو ئەوی دی بەزولفەقاری دەستییەوە لەهەڵمەتدایە.



ئەو دەمەی کەرەسەی وێنەکێشانم ئامادەکرد، لەهەموو جارەکانی تر بەپەرۆشترو کارامەتر خۆم دەهاتە بەرچاو، ئەوەم لەخەیاڵدا نەمابوو، کە من لەو بوارەدا دەستەوسانم، چونکە دەمێ بوو زەینم بەدەوری ژنێکدا خەرمانەی دابوو، دەمەویست لەتابلۆیەکدا دۆخەکانی ژیانی پیشان بدەم، بیرتان بەلای ئەوەدا نەچێت، کە من عاشقی ئەو ژنە بووبێتم، بەڵکو حەکایەتەکانی ئەو ژنەبوو، کە خەڵکی گەڕەك هەریەکەو بەجۆرێك باسیان دەکرد، هەندێك بەگوناکار ناویان دەبردو برێ لەگوناهبارکراو، ئەوەی بۆ من مابووەوە ژنێك بوو لەودیوی دەرگای داخراوی ماڵێکی گەڕەکەکەبوو لەواتەوات پتر هیچی ترم لێوەدیار نەبوو، خۆ ئەگەر لەمەوبەر ختوورەیەکیشم بەدڵدا هاتبێت، ئەوا بەو حەوایەم چوواندووە، کە شەیتانێکی نێرینە لەخشتەی بردووەو فریوی داوە.

لەگەڵ هێڵکارییەکەدا ریتمی دەستم و ورتەورتی ناخم یەکانگیر دەبوون، ژنێکم دەدواند دەنگی هاوارئاسای لەمێشکمدا دەزرینگایەوە، بۆیە بەدڵ بەدەنگ هاوارەکەیەوە دەچووم: (هەرئەوەندە دەزانم تۆ ناوت مەستوورەیەو بەسەر زارانەوەیت، ئاه! مەستوورە، تۆ لەسۆنگەی گوناهێکی نەکردوو جەستەو روحت لەتلەتکراوەو هەر پارچەیەکت ناوێکی لێ نراوە!).

هێڵکارییەکان تا دەهات رووخسارو بیچمی تازەیان لێدەنیشت، سەرەنجام دوو رووخساری مێینەیان لێ پەیدابوو، خۆم دەمزانی ئەم رووخسارانە هەر یەکێکن و لەدۆخی جیاوازدان، ئەوەشم دەزانی هەر هەموویان ناویان مەستوورەیە، کەمێك دەستمهەڵگرت و مەستوورەکەی نالیم هاتەوەیاد، لێ خۆبەخۆ وتم هەر ناوەکەیان لەیەك دەچێت، ئەگینا هەریەکەیان موبتەلاری دەردی خۆی و چاخی خۆیەتی، ئەوەم بەخەیاڵدا هات، کە حەکایەتەکانی تەمەنی مەستوورە تەنیا بریتی نییە لەم دوو رووخسارە، بێگومان سەربردەکە لەمەستوورەیەکی هەرزەکارو بێخەم دەستپێدەکات، کە ئەلفەبێیەکی باڵداری بەدەستەوەیەو بەدەم هەموو شتێکەوە دەشنێتەوە، دواتر سیمایەکی خەمبارانەی لێ نیشتووەو بەردەوام سەری لایلایەی بەسەر کۆرپەکەیدا لارکردووتەوەو حەکایەتی ونبوونی باوکی بۆ گێڕاوەتەوە، بەڵام هەموو ئەمانەم لەهزری خۆم تاراندو کەوتمە دوای ئەو دوو رووخسارەی کە لەنێو هێڵکارییەکاندا پەیدابووبوون، بەقووڵی لەرووخساری یەکەم وردبوومەوە، ئەوەی لەخۆمەوە دیاربوو سیمای ژنێك بوو چوون تارماییەك لەحەکایەتەکانی نێو گەڕەکەوە لەبەرچاوم وێنابووبوو، لێ خۆم دەمزانی ئەو ژنە هەر ئەو مەستوورەیەیە، کە ماوەیەکە هاتووەتە نێو دنیای لێکدانەوەکانی منەوە، جەمسەرێکی ئەو واتەواتەم لەدنیادیدەکەیەوە چنگکەوت: (دنیا پڕ بووە لەبێمروەتی، هەموو شوێنێك حەکایەت و سەربردەی خۆی هەیە، بەڵام

سەربردەی ژنەکەی گەڕەکەکەی ئێمەو شووەکەی لەحەکایەتی هەمووان جیاوازترە، ئاخر خودا بەخودایی خۆی بەشێك لەجوانی خۆی بەخشیبێتە ژنێك، نەشمیلەو نازداری کردبێت، کەچی ئەو خانوومانییەی لێ بووبێتە بەڵای ناگەهان و نێرەوسێك مرخی لێخۆشکردبێت، ئینجا شووەی گێل و بێئاگای بەرەو کیشوەرە دوورەکان رەتاندبێت، تا...) ئەم سەربردەیەم لەبەرخۆوە دووردەکردەوەو ئەوەندەی دی مەستوورەم داماوتر دەهاتە بەرچاو، هەستمدەکرد کەوتووەتە نێو تەو تەون و رایەڵێکەوە دەرچوونی بۆ نییە، بەچاوی ناخ دەمبینی لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەی بەرووخسارێکی تۆقیووەوە وەستاوەو گوێی لەلێدانی دەرگایە، دڵنیام لەو ساتەدا زانیوێتی ئەوە لێدانێکی ئاسایی دەرگایەك نییە، بەڵکو لێدانی دەرگا داخراوەکانی جەستەی ئەمە، نێرەوسێکە دەیەوێت کۆدو نهێنی دەستەی ئەم بکاتەوەو بگاتە شوێنە نەدیوەکانی، هەر لەم ساتەدا گوێم لەهاوارو فیغانی بوو، بەچاوی ناخ دەمبینی دەستی نزای هەڵبڕیوەو رووی لەخودایە: (خودایە، خۆ من بەشێکم لەجوانی خۆت، ئیدی چۆن دەست لەبەشێك لەبوونی خۆت هەڵدەگریت!؟ ئێ وا دەبینیت لەدەرگای ئەو بەشەت دەدرێت، خۆتیش دەزانیت بۆ لێی دەدرێت، دەی بۆچی نایکەیت بەبەرد، بۆچی ئەو نێرەوسە دەستڕۆیشتووە ناکەیت بەسەگێکی بەرەڵڵا، بەبەرازێکی قێزەون، تا منیش لەسەر پەیمانی خۆم بمێنم، ئەو پەیمانەی بۆ هەتاهەتایە لەگەڵ تۆم بەست، ئەی خودا کەسەکەم، خۆ من دڵنیام بۆ لەو بەشە بچکۆلەیەی خۆت، کە ناوی مەستوورەیە غافڵ نیت، بەڵام من گێل و نەفام تائێستا لەوە نەگەیشتووم، ئاخۆ ئاگات لەرەتاندنی شووەکەم نییە، ئاگات لەبارامی شەکر نییە، ئەی لەکوێیە!؟ ئاخر ئەویش بەشێکە لەمن، ئێ ئاوهاش هەردووکمان بەشێکی بچکۆلەین لەتۆ، ئەی خودا ئەترەشم چوو...).

هاوارو فیغانەکانی مەستوورە هەراسانیان کردم، هەستمدەکرد منیش وەك ئەو کەوتوومەتە نێو داو و تەڵەزگەیەکەوە، وام زەن دەکرد ئیدی کاتی ئەوە هاتووە بەدەم هاوارەکەیەوە بچم، هەر لەم کاتەدا وامدەزانی خەریکە دەفرم، جەستەم چەشنی پەڕێك سووك سووك بووبوو، پێم لەسەر زەوی نەدەماو دەفڕیم، بەرەو ژوورەکەی مەستوورە لەشەقەی باڵم دەدا، ئیدی نەمزانی چۆن لەو چاوترووکانەدا لەگەڵ بادا هەڵکرد، یان بەڕاستی بووبوومە فڕیندەیەك و لەبنمیچی ژوورەکەی مەستوورە نیشتبوومەوە، ئەو دیمەنانەی لەژوورەکەدا بینیم، لەحەکایەتەکانی نێو گەڕەك یەکجار بەئێشتربوون، مەستوورەم لەسووچێکی ژوورەکەدا بینی، بەجۆرێك خۆی گرمۆڵەکردبوو، کۆرپەکەی باوەشی پشووبڕ کردبوو، هەر ئەوەتا هەناسەی تێدا مابوو، یان نەمابوو، ئەوەی زۆرتر سەرنجی پەلکێش کردم، دیمەنی ئەو پەتەبوو، کە سەرێکی بەتوندی بەپانکەی بنمیچەکەوە



شەتەك درابوو، سەرەکەی دیکەی قوڵفێکی بازنەیی گەورەی لێدرابوو، بەجۆرێك سەرە شۆڕەوەبووەکەی پەتەکەی ختوورەی مەرگی هائێستا ها نەختێکی دیکەی بەدڵی نبیادەمدا دەهێنا، لەرووکاری دیوارەکەی بەرامبەر مەستوورە لەسەر کاغەزی ئەی فۆر ئەم نووسراوەم خوێندەوە: رووحم فەرمانم پێدەدات، هەرکە دەرگای جەستەم بۆ نێرەوسێك کردەوە، ئیدی رووح بەو جەستەیەم قایل نابێت و جێی دەهێڵێت.

لەکاتێکدا چوون پەرەسێلکەیەك بەبنمیچی ئەو ژوورەوە خۆم هەڵواسیبوو، دیقەتی دیمەنەکانی نێو ژوورەکەم دەدا، لەناکاو لەنێو دەرگاکەوە تارماییەك دەرکەوت، ئیدی بێ سێ و دوو ئەوەم بەدڵدا هات، کە ئەمە قاسیدی یەکێك لەنێرەوسەکانە.

قاسید بەوێڵ و جۆرە ترسێکەوە وەستابوو، نە زاتی هاتنە پێشەوەی دەکرد، نە درکاندنی پەیامی سەردارەکەی، قاسید وەك ئەوەی فەرمانەکەی بیرچووبێتەوە ئاڵۆشێکی کتوپڕی تێکەوت، بۆیە بای نێرایەتی بزواو لیکێکی ناجسنی بەلالغاوەیدا چۆڕایەوە، هەستێکی بزێو لەناخمدا هەڵپلکا، نیگام کەوتە نێو جووڵەی تارمایی نێو دەرگاکەو مەستوورەوە، بینیم مەستوورە تەنگەتاوەو دەیهەوێت بەتەکانێك دەست لەقوڵفی پەتەکە گیربکات، لێ گریانی بەحوجەتی کۆرپەکەی باوەشی خاویکردەوەو چاوێکی نزای لەقاسیدەکە بڕی، بەخاوبوونەوەی مەستوورە تەنگەتاو بووم، چونکە زانیم بەمە بەرماتی بۆ تارماییەکە خۆشکرد، تا هەنگاوێکی تر لێی بێتەپێشەوە، بەم دۆخە ئەوەندەی تر پشووم سواربوو، چونکە گوێم لێبوو قاسیدەکە زمانی لەئاست مەستوورەدا پڕاو پێیوت: (ئەوەی بۆ تۆ رەخساوە بۆ هیچ مێینەیەکی دی نارەخسێت، ئیتر بۆ جەستەی خۆت لەو چێژە گەردوونییە بێبەش دەکەیت!؟ وا دیارە تەقێ لەوەی هەمێزت دەکەیتەوە، ئاخر بێ زمان و بێگوێیەکی وا کوا ئاگای لەهاواری جەستەی من و تۆیە!).

لەو بەرزاییەوە دەمڕوانییە دیمەنەکانی نێو ژوورەکەو هەستم بەدەستەوسانی خۆم دەکرد، کە بەجەستەیەکی سووك و بێ نموودی پەرەسێلکەئاسامەوە ناتوانم فریای هاوارەکانی مەستوورە بکەوم، لەم غایلانەدا بووم گوێم لەمەستوورە بوو، تووك و نزای دەکرد، خوداو خۆی دەدواند: (خودایە، دەزانم ئێستا ئاگات لەهاواری ئەو بەشە بچکۆلەیەی خۆتە، ئەوەش دەزانم روحم هی تۆیەو جەستە هی من، بەڵام ئەوەیان نازانم لەم دووە کامیان هەڵبژێرم، ئاه! گریانی ئەم کۆرپەیە هەناوم دەپسێنێت، ئەی گوێت لەم قاسیدو پێناوە نییە، وا یەکێك لەوتەکانی خۆتم بۆ راڤە دەکات (سامان و منداڵ دوژمنتانن)، کەواتە دەبێت لەکوێوە دەستپێبکەم، بەدەنگ هاواری رووحمەوە بچم، یان زایەڵەی جەستەم! بەڵام خودایە گریانی ئەم کۆرپەیە لەهەموو هاوارێك بەسوێترە!).

مەستوورە بەقووڵی دەیڕوانییە تارماییەکە، لەو ساتەدا تەنیا هەنگاوێك مەودای نێوانیان بوو، هەستمکرد هەردووکیان کەوتنە نێو تەمێکی سپییەوە، بەجۆرێ نەم دەتوانی لێکیان جیابکەمەوە، بینیم لەنێو ئەو تەمەوە دەیان پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگ کەوتنە باڵەفڕەو تەمەکەیان دەڕەواندەوە، ئەمێستا مەستوورەم بەباشی دەبینی کۆرپەکەی داناوەو دووی پەپوولەکان کەوتووە، پەپوولە بەسەرلا ڕوومەت و لێوەکانی و گەردنی دەنیشتنەوەو ختووکەیان دەدا، بڕێکی دیکەیان بەسەر لاران و پێ و پلیدا باڵە فڕەیان بوو، بەڵام لەپڕ وەك ئەوەی لەخەونێك بێدار بووبێتەوە، هاوارێکی بەسوێی لێ هەستا: (نا.. نا، ئاخر ئەی کۆرپەکەم، ئەی بارامی شەکر، ئەی پەیمانەکەی نێوان من و خودا!).

هەستمکرد مەستوورە خامۆش و بێدەنگ هەر ئەوەتا گوێی لەقاسیدەکەیە: (چ مێینەیەکی دڵڕەق و بێ بەزەییت، ئاخر ئەم پەپوولانە هێمای لێك نزیکبوونەوەی هەموو نێرو مێیەکی توخمی مرۆڤن، چۆن زات دەکەیت بیان پلیشێنیتەوە!) ئەم چپە دووە مەستوورە شێلوو نەبوو، چاوەکانی لەمۆلەق وەستابوون و سەر بەهیچ ڕۆژگارو عەیامێك نەبوو، نەئاگای لەگریانی بێ بڕانەوەی کۆرپەکەی بوو، نەسامی پەتە شۆڕەوەبووەکە، لەحەژمەتان چاوەکانم لێك نابوو، هەر بیرم لای ئەوەبوو جەستەم لەو قاڵبەسووك و بێ نموودە دەربچێت و ببمە پڵینگێك و بەو بەرزاییەوە بەقەڵەمبازێك بگەمە ئەو قاسیدەو تێکی بشکێنم.

لەو غایلانەدا بووم چاوەکانم هەڵێناو بەقووڵی دیقەتێکی تابلۆکەم دا، مەستوورەیەکی پەشۆکاو و تۆقیو لەزەینمدا دەهات و دەچوو، ویستم خۆ بەخۆ هێوری بکەمەوەو بیدوێنم، نەك دادگایی بکەم، چونکە دەمزانی دادگاش بایی ئەوە بنیادەمێك تۆمەتبار دەکات، کە بەخوایشتی خۆی کەتنێکی کردبێت، ئێ بەگومانیش کەس سزا نادرێت، ڕووم تێکردو وتم:

-مەستوورە، دەزانیت بەکردنەوەی دەرگاکانی جەستەت دەبیتە ئەو دارهەنارەی پایزی حەوشەکەتان، ئێ ئەوساش سەردەمێکت گەرەکە تا گەڵای نوێ دەردەکەیتەوە، گوێت لێمە مەستوورە؟

-.......

-خۆت لەو نێرەوسانە دووربگرە، ئاخر ئەوانە سورشتێکی گۆڵانەیان هەیە، بۆنی مێینە هارو حاویجیان دەکات و ناسراون، تافریوی نەدەن، گوێت لێیە؟

-.......

-تۆ لەمانای گریانی کۆرپەکەت دەگەیت؟ ئاخر ئەوە بەتەنیا گریانی ئەو نییە،





بەڵکو گریانی هەموو ئەم گەردوونەیە، دەمبیستیت مەستوورە؟

-وا تێنەگەیت سەرزەنشت و دادگاییت دەکەم، دەزانم تۆ بەشێکیت لەڕەنجی خودا، ئیدی چۆن دادگاییت بکەم، لێ دڵنیام بەکردنەوەی کۆدەکانی جەستەت، قاسیدو فەرمانداری قاسیدیش پێت دەڵێن: (ئێستا بوون و نەبوونت وەك یەکە، نە ڕابردوویەکت هەیەو نە ئایینده، بەڵکو تەنیا لەئێستایەکی لەوتاوی دەژیت، هەرزەکارانی نیشتمان بەجەستەی قێزەونت فریو دەدەیت، دەی لەم ئێستایەش خۆت ڕزگاربکە، ئازابەو لەقوڵفی ئەو پەتەی دیارسەرت خۆت نزیك بخەوە، یەکەمجار لەو بێزمان و بێگوێییەی باوەشتەوە دەستپێبکە، سەرێکی بچکۆلەیەو بەناو ئەو قوڵفەدا تێی دەپەڕێنێت، ئاوهاش نیوەی ئەرکەکەت، یان نیوەی ئێش و ئازارەکەت سووك دەکەیت، نیوەکەی تر بەگۆڕینی دووسەر کۆتایی دێت، سەرێکی بچکۆلە لەقوڵفەکە دێنیتە دەرەوەو سەرێکی زرکەتاڵ ئاساو پڕئاژاوە بەقوڵفەکەدا تێپەڕدەکەیت، ئەوسا دوو دنیا بۆ هەتا هەتایە کپ دەبنەوە، دوو دنیا نەهەست بەئازار دەکەن، نە یادەوەریی بارامی شەکریان تێدا دەمێنێت، دەی ئازابەو واتە واتی ئەم کۆڵانە لەگەڵ خۆتدا بپێچەوە، ئازابە، ئازا....) نەکەی، مەستوورە نەکەی، ئەو دەمودووە لەخەیاڵ خۆت دەربکە، ئەو وتانەی هەمان ئەو وتانەن، کە ڕۆژگارێکی یەکجار دووری لەمەوبەر شەیتان بەژنە جوانەکانی وت و فریویان خوارد، گوێت لێمە مەستوورە؟

-........

-دڵنیام گوێت لێم بووە.

***

ماوەیەك بەسەر تەواوبوونی تابلۆکەدا تێپەڕیبوو، تارادەیەکیش خولیای تاقییی مەستوورە لەزەینمدا کزبووبوو، ئەوەبوو ڕۆژێکیان لەپڕ لەبەرامبەر تابلۆکە وەستام و حەکایەتەکانی مەستوورە جارێکیتر سەریان لێهەڵدامەوە، بۆیە دووبارە بەدۆخەکانی ژیانیدا چوومەوە: (ئەوە دەستی چ شەیتانێك بوو بارامی شەکری لەمەستوورە دابڕی و هەواڵەی ئەو دیوی کیشوەرە دوورەکانی کردا؟ ئەی خەڵکی گەڕەك گوێیان لەهاوارو فیغانەکانی مەستوورە نابێت! یان ئەمانیش خودی مامۆستا خانەنشینەکەیان گرتووەو لەدنیا دابڕاون!؟).

لەوەولا کەوتمە پایدۆزی مەستوورە، ئیدی لەوەخت و ناوەختدا لەبەر هەر دەرکەیەك هەڵوەستەم دەکردو گوێم هەڵدەخست، تا بزانم لەکام ماڵەوە دەنگی هاوارو تووك و نزای ژنێك دێت، لەبەر هەر دەرگایەك تاوێك دەوەستام و پڕ بەسییەکانم هەوام هەڵدەمژی، تا بزانم لەکام ماڵەوە بۆنی لاشەی مردوو دێت. لەسەروبەندی ئەم گەڕان و تاقیبکردنەمدا

زۆرجار پاسەوانانی ئەفسەرە بێبڕوانامەکە لەمسەر یان لەوسەری کۆڵانەکە رایان دەگرتم و پرسیاری ئەوەیان لێدەکردم ئاخۆ بەدووی چیدا عەودالْم، ئیدی منیش هەر جارەو بەپاساوێك خۆم لەپرسیارەکانیان دەدزییەوەو خولیاکەم نەدەدرکاند، کاتێکیش لەو گەڕان و تاقیبە بێئومێد دەبووم، لەبەرخۆوە مەستوورەم دەدواند: (گوێ مەدەرێ مەستوورە، دەریا بەدەمی سەگ گلاو نابێت، تۆ پاکیزەو بێ گوناهیت، بەڵام نەکەی جەستەی خۆت رادەستی نێرەوسەکان بکەیت! دڵنیابە تا بارامی شەکر لەشوێنێکەوە سەرهەڵدەدات، من دەبمە چەتری سەرت هۆ بەشە بچکۆلەکەی جوانی خودا، کۆرپەکەت ژێر دەکەمەوەو ئەو گریانە بەسوێییەی بیردەبەمەوە، بەڕاست پێت نەوتم تۆو بارامی شەکر چ ناوێکتان لەو کۆرپەیە ناوە! دڵ لەدڵ مەدە، هێشتا ئاوەدانی و ژیان لەدڵ و نیگای مندا ماون، ناهەقت نییە بترسیت و خۆتم پیشان نەدەیت، ناهەقت نییە تووك و دوعا لەهەموو توخمی نێر بکەیت و حەز بەبرانەوەی تۆویان بکەیت، ئاه! مەستوورە تۆ لەکوێیت، ئەوە کام خانووە، کام ماڵە، رەنگی دەرگاکەی چۆنە، کە گریان و هاواری تۆو کۆرپەکەتی لێهەڵدەستێت و من نایبیستم؟).

رۆژگارێك لەگەڕان و دەواندا بووم و پرسیاری مەستوورەم دەکرد، بەڵام هەموو جارێ ناونیشانی ژنێکی دیکەیان دەدامێ، کە هەمان سەربردەی هەبوو، تەنیا لەوەدا جیاوازبوو، ئەم ناوێکی دیکەی هەبوو، کۆرپەیەکی تۆقیویشی نەبوو، هەمیشە لەچاوەڕوانییەکی بێهوودەدا بوو، گوایا شووەکەی لەیەکێك لەجەنگەکاندا کوژراوەو ئەم هێشتا بۆ باوەخوێنی نەچووەتەوە ماڵە باوان، قاسیدی نێرەوسێك لەدەرکەی داوە.

سۆراغ و تاقییی مەستوورە تا دەهات سەربردەی دیکەی بۆ پەیدا دەکردم، حەسرەت و جەخاری بەسوێترم دەبیست: (ئەوەی تۆ بەدوویدا وێڵیت، ئەستەمە بیدۆزیتەوە، چونکە ئەوانە بێ خوایشتی خۆیان چەندین ناوی عاجبانی دیکەیان لێنراوە).

ئەمێستا هێڵکارییەکانی تابلۆی سەربردەکانی مەستوورەم لەنێو رەشنووسی دەیان سەربردەی دیکەدا لێونبووەو ناچمەوە سەری، بگرە خەریکە شێوەی هێڵکارییەکانیشم بیردەچێتەوە، لێ ناوی مەستوورەو هاوارو نزاکانی بەردەوام لەگوێچکەمدا دەزرینگێنەوە، بیریشم لای دیمەنی ئەو پەتە شۆڕەوەبووەی دیارسەرێتی، ئاخۆ دەبێ چ بڕیارێکی دابێت!

٢٠٠٩\٦

هەولێر



چیرۆك

# شاعیرێك لەگەڕانەوەیدا



محەمەد حسێن

لەداخی نامۆییەکدا کە هەرگیز تەواو نەدەبوو، لە بێزاریی رۆژانێکدا ئاوادەبوون و خۆرەتاوێکی ئارەزوو بزوێنی تیا نەدەدی، بڕیاریدا بگەڕێتەوە ..

بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی جارێکیترو بەرۆحیەتێکی ترەوە لەگەڵ نیشتمان تێهەڵچێتەوە.. ئەو بڕەی تەمەنی ماوەتەوە لەگەڵ دایکیدا، ئاسوودەو بەختەوەر ژیانێکی تر دەست پێ بکاتەوە..

بەڵام راوەستن بزانن چ قەدەرێك چاوەڕێی دەکات، بەئومێدی ژیان بۆ کوێ گەڕایەوەو .. بۆ بەدەستهێنانی مردنیش بەکوێ گەیشت.

هاورێکەمان ناوی ئازادە.. هەر بەڕاستی پیاوێکی ئازادیخوازیشە..

بەشانازییەکەوە دەڵێت:

"خەڵکی ئەو شارەم کە هەرچی تایبەتمەندی جوان هەیە تیایدایە.. شاری شاعیرانە، مەڵبەندی پێشکەوتن و داهێنانە، کانگای خەبات و تێکۆشان و سەروەرییە مێژووییەکانە، تائێستا ٣ سەرۆك و ١٣ وەزیرو بەهەزاران لێپرسراوی گەورەو گچکەی بۆ وڵاتەکەمان بەرهەمهێناوە.. بەڵام نیوەی دانیشتووانەکەی برسییەتی، سێ بەشی پێویستیان بەهەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواریی هەیە، چوار وەرزی ساڵیش، پەتاکانی کۆلێراو رشانەوەو زەحیریی تیادا بڵاوە".

زۆربەی ئەو کەسانەی دەیناسن بەپیاوێکی دۆڕاو و تێکشکاوی دەزانن، وەك گەمژەیەك دەیبینن کە هەموو تەمەنی بەشوێن کڵاوە بابردووەکانیدا خەرجکردووە.. کەچی ئەو هەر گاڵتەی لێدێت .. بێباکە لەوەی بەباش و بەخراپ، چۆن باسی دەکەن و چی پێدەڵێن .. هەمیشە نوقمی ناو دنیا تایبەتییەکەی خۆی بووەو بۆ خەیاڵە

شاعیرانەکەی خۆی دەژی.

لەڕابردووی دووریدا.. چەپێکی نیشتمانپەروەری تێکۆشەر بوو.

لەم ساڵانەی دوایدا.. دەرگای ڕەحمەتی خودای لێدەکرێتەوەو دەبێتە موجاهیدێکی خواپەرستی قورئانی..

ئێستاش.. پیاوێکی گەڕاوەی هاندەرانیە، بەیادەوەرییەکی بارگاویی بەشیعرو لارەسەنگ بەشکست، بەگیرفانێکی تەنك و بەتاڵ لەدۆلار، هاتۆتەوە بۆ ئەوەی فریای دایکی بکەوێت.. لەو شارەی حەڤدە ساڵ لەمەوبەر، وەك هەڵوێستێکی دڵسۆزانەو نیشتمانپەروەرانە بەجێی هێشت.. چونکە لەوسەردەمەدا نیشتمان هەر ڕۆڵەی وەهای دەویست، تەنها خزمەتگوزاری جێهێشتنی پێویست بوو، ئەگینا ئەو بەسەروماڵەوە، ئامادەی قوربانیدان بوو...

هەڵبەتە ئەمە تەنها گێڕانەوەی منە بۆتۆ.. ئەگینا ئەو خۆی واناڵێت .. ئەو چیرۆکێکی تری هەیە بۆگێڕانەوە، لەدانیمارکیش هەر لەسەر ئەم چیرۆکە مافی پەنابەریی وەرگرت.. ئەو دەڵێت:-

" لەسەر یەك ڕستە من ڕامکردو ئەم شارەم جێهێشت، کە دڵنیام ڕامنەکردایە دەیانکوشتم".

چونکە لەدێڕەشیعرێکیدا نووسیبووی "هێشتا گوی بەعس لەچوکمان نەبۆتەوە، ئێوە دەتانەوێت دایکی نیشتمانمان پێ ئەتکبکەن".

ئەم دێڕەی لەناو شیعرێکدا نووسیبوو، کە بۆ یەکەمجار لەچلەی ماتەمینی یەکێك لەهاورێکانیدا خوێندبیەوە.. هاورێیەکی کە بەهەڵە گرووپی پاکتاوکردنی یەکێك لەحیزبە شەڕکەرەکانی شار لەبەر دەرگاکەی خۆیدا کوشتبوویان.

دوای بڵاوبوونەوەی ئەم دێڕە، تەنها لەیەك شەودا چوار جار ماڵەکەی دەپشکنن، وەك تاوانبارێك وێنەکەی لەشاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە بڵاودەکەنەوەو خەڵاتێکی باشیش دادەنرێت بۆئەو کەسەی دەیدۆزێتەوە، ئیتر مردوو بێت یان زیندوو گرنگ نییە .. لەشاریشدا دەنگوباسی ئەوەی لەسەر بڵاودەکەنەوە کە لۆرییەك TNTی لەباقوبەوە هێناوە بۆ ئەوەی شارەکەی پێ کاول بکات..

***

دواجار هەر گەڕایەوە...

پاش ئەو هەموو ساڵەی دوورە وڵاتی، لەپاشنیوەڕۆیەکی گەرم و ناسازی مانگی ئابدا لەفڕۆکەخانە دابەزی .. وڕو کاس و سەرسام، بەدووجانتای گەورەو قورسەوە





سواری تەکسییەك بوو.. وەك ئەوەی لەهەسارەیەکی تری گەردوون خۆی دۆزیبێتەوە، کەوتە تێڕامان و نیگاکردنێکی قوڵی دەوروبەرەکەی، تەماشاکردنێکی وردی هەموو ئەو شتە بێگیان و گیاندارانەی خێراو تێپەڕ دەکەوتنە بەرچاوی، وەك ئەوەی یەکەمجارو بۆ دواجاریش بێت لەدنیادا دەیانبینێت. هەر بەیەکەم نیگای بۆی دەرکەوت زۆر شت لەم شارەدا گۆڕاوە، هەمان ئەو ڕووخسارە نابووت و پەشێوەی جارانی نەماوە کە لەناو یادەوەرییەکانیدا بەزیندوویی ڕایگرتبوو..

سەرەتا نەیدەزانی بۆکوێ بچێت.. بۆ ناو ئەو خانووە قوڕە داتەپیوەی بێگومان بوو تائێستا دووجار تێکدراوەو بوونیادنراوەتەوە، بۆلای ئەو خوشك و برا بەسۆزانەی هەردەم لەسەر هێڵی تەلەفۆن بوون بۆی.. یاخود هەر بۆ هیچ کوێیەك نا.. لەئوتێلێك دابەزێت و دوای چەند ڕۆژێك لەحەسانەوە، ئەوسا هەموو لایەك لەهاتنەوەی ئاگادارکاتەوە.

دیارە چاوەڕێ بووە ڕۆژنامەکان دەنگوباسی هاتنەوەی بڵاوبکەنەوە، بڵاوکراوە ئەدەبیەکان بنووسن "ئەوشاعیرەی هەمیشە بەشیعرەکانی لەگەڵ ئازارەکانماندا ژیاوە، ئێستا گەڕاوەتەوە باوەشی نیشتمان" .. هەر هیچ نەبێت خۆ دێن چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ سازبکەن، وەك کەسایەتییەکی ئەدەبی و نیشتمانی، جارێکیتر دەیخەنەوە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان.. خۆ هیچ نەبێت هەر دەنووسن "شاعیرێك لەگەڕانەوەیدا..."، بەڵام ئاش لەخەیاڵێك و ئاشەوان لەخەیاڵێکی تر دەگەڕا.. نەوەك شاعیرو نەوەك تێکۆشەری دێرینیش، بەلای کەسەوە جێگەی بایەخ و گرنگیپێدان نەبوو..

بۆ شادبوونەوە بەدیداری هاورێکانی، بەتامەزرۆییەکی زۆرەوە خۆی گەیاندە چایخانەی ئەدیبان، ئەو شوێنەی ساڵانێکی زۆر یانەی پێگەیاندنی بەهرە ئەدەبییەکانی بوو.. چایخانەیەکی ماندووی چڵکن، نیو سەدەیە لەناوەڕاستی بازاڕدا، بەدیمەنی خشتە ڕووتەکانی، بۆنی حێل و هەڵی کتریە فافۆنەکەی، خۆڵەمێشی یادەوەریی ڕۆژە لەدەستچووەکانی ئەو و سەدانی تری وەك ئەوی پەنهانکردووە.

هەرکە گەیشتەجێ، یەکێك لەهاورێکانی ڕۆژانی هەرزەکاریی خۆی دۆزییەوە.. بەرلەوەی ئەم هیچی لێ بپرسێت، گلەیی و بناشتی خۆی لابکات، کەوتە قسەکردن.. وەك ئەوەی ساڵانێکی دوورو درێژ چاوەڕێی ئەم دانیشتنەی کردبێت، بەحەسرەت و خەمێکی قوڵەوە پێیوت:

-- "وڵاتەکەمان پیس گۆڕاوە هاورێ، نە جێگەیەك بۆئەفسانەی گیڤاراکانی ماوەتەوە، نەمۆبایلە شیعریش نرخێکی بۆ ئەدەبی فحولەت و کەڵەمێردی هێشتۆتەوە.. ئەمڕۆ خەڵکی وەك خۆمان کەس بەسەلکە تورێك نایکرێت..".

کە ئەمیش بەدەنگێکی نوزەڵەو پچڕپچڕەوە پێیوت:

-- "واهەستدەکەم لەشارێکی غەریبدام، نەك ئەوشارەی هەمووماني گەورەو .. دواتریش پیرکرد".

ئیتر دەرگای هەڵرشتنی دەردە دڵی لەهاورێکەی کردەوە، ئەگەرچی لەناخەوە بێزار بوو لەو بۆڵە بۆڵەی لەهەموو کات و شوێنێکی ولاتدا هەر دووبارە دەبووەوە.. بەڵام ناچاربوو گوێ لەئەمیش بگرێت، لانی کەم بۆئەوەی جارێکیتر پێی بڵێنەوە:-

" گەر دەتەوێت لەم شاردا هەست بەنامۆیی نەکەیت، هەر ئەوەندە بەس نییە کەسانێکت هەبێت چاوەڕێت بکەن، ماڵێکت هەبێت سێبەری ئولفەت و ئارامیت پێ ببەخشێت.. نەخێر، هاوکات ناسینی دوو سێ سۆزانی، بەرتیلخۆرێکی شارەزا، لێپرسراوێکی کاربەدەست، سەرۆك خێڵێك کە پیاوی حیزب و شۆڕش و دیوەخانیش بێت پێویستە.. ئەمانە بەشێکن لەپێداویستییەکانی ژیانی ئاسایی ئەم شارە.. هەتا زووە فریای خۆت کەوە".

***

ئەو پیاوی خەونە مەزنەکان بوو، هەڵگری خەمە قورس و گرانەکانی گەل و نیشتمان بوو.. لەگەڵ گروپێك لەهاوتەمەنەکانی، هەموو گەنجێتی خۆیان بەکۆمەڵە دروشمێکی جوانەوە خەرج کرد، لەو دروشمانەی مژدەی دنیایەکی باشترو کۆمەڵگایەکی ئاسوودەتری پێدەبەخشین.

بەڵام ئەوەتا ئەو پیر بوو، بێئەوەی دنیا بەو جۆرە بگۆڕێت کە چاوەڕێی دەکرد.. ئاوارەیی و نامۆییش هەموو تەمەنی داغانکرد، بێئەوەی کەس منەتی هەبێت بەو قوربانیانەی بۆ دروشمەکانی بەخشی..

گەورەترین نەگبەتی ئەم هاورێیەمان لەوێوە دێت کە درەنگ هەست بەشتەکان دەکات، توانای ناسین و تێگەیشتنی تووشی تەمبەڵییەکی خراپ هاتووە، ئەمەش وایکردووە تەمەنێك لەناو بریارو پرۆژە ناماقوڵەکانیدا خەرج دەکات، ئەوسا دەکەوێتە گومان و پرسیارکردن بەرامبەریان. بۆیە هەمیشە ورو گێژی دڵنیایی و بێئاگاییەکانی خۆی بووە، تا ئەو رۆژەی هاورێ کچە پۆلۆنییەکەی پێیدەڵێت:-

" ئای چەندە گەمژەو گوناهیت ئازاد..

تۆ کە لەشارێکدا دەژیایت هەرهەمووی خانووی گەچ و قورو قایە بوو، بۆچی کۆلێژی ئەندازەی بیناسازیت هەڵبژارد؟

کە هەموو ولاتەکەتان دەرزەنێك پرۆلیتاریای راستەقینەو کارگەیەکی دۆشاوی تەماتەی تیا نییە، بۆ بوویتە کۆمۆنیست؟





ئەگەر لەسەر نامەیەکی دڵداریی وەك کارە کۆرپە عاشقەکانتان سەردەبڕن، چیت داوە لەشیعری رۆمانسی و...؟".

ئیتر لەو رۆژەوە بۆی دەرکەوت رێرەوی دنیا نە بەو شێوەیە کە ئەم تێیگەیشتووە، نە بەوجۆرەش گۆڕا کە کتێبە قورس و سەنگینەکان پێشبینییان دەکرد..

ئازارو خەمی سەختی ئەو کتێبانەش با بووەستێت..

بەمجۆرە هاورێکەمان گەیشتە ساتێکی هەستیارو ئاڵۆزی ژیانی خۆی.. ساتەوەختێك کە تێگەیشت هەموو تەمەنی گەنجێتی خۆی، بەهەڵەو بێسوود، لەپێناوی کوردو چینی چەوساوەکان و خوداو ئیسلامدا بەفیڕۆداوە.

ئیتر هەر لەوێیەوە بریاری بەخۆداچوونەوەو گۆڕانکارییدا، بەڵێنیدا بۆ لەمەولا، تەنهاو تەنها لەپێناوی بەختەوەرکردنی دایکیدا تێبکۆشێت.. ئەو وزەو توانایانەی پێی ماوە بۆ بەختەوەرکردنی (دایکە گیان)ی و ئینجا پاشەرۆژی خۆی بیخاتە گەر.

***

بەباوەڕێکی پتەوەوە پێیوایە ئەمجارەیان بریارێکی دروستیداوە، رێگایەکی پیرۆزی هەڵبژاردووە.. بەڵام هێشتا هەر نیگەرانە، دوودڵە لەوەی کە کاتێکی گونجاوی بۆئەم بریارە دروست و رێگا پیرۆزە هەڵبژاردبێت. چونکە تەمەنی دایکی گەیشتۆتە سەرووی حەفتاو هەشت ساڵە، ئێستا کەس نازانێت بەلاشەی دەردەدارو چاوە کزو کۆڵەوارەکانییەوە لەبەر دەرگای چ مزگەوتێکدا دەستەسری سواڵکردنی داخستووە.. بۆیە زۆر نیگەرانی ئەوەیە بشێت کاتێکی گونجاوی هەڵبژاردبێت بۆ ئەم ئاوردانەوە گرنگەی؟ بشێت تازە بتوانێت خزمەتێك بەو دایکە داماوەی پێشکەشکات؟

تا دوو هەفتەی یەکەمی هەر وا لەتەماشاکردنی شار حەپەسا بوو، هەر وا پرسیارە وەرسکەرەکان بوون ژاوەژاوی ناو مێشکیان گەرمتر دەکرد، دیمەنی باڵەخانە بەرزەکانی ناوشارو نابووتی گەرەکە میللی و تەجاوزەکان، ئەوەندەیتر دەهرییان دەکرد.

لەبەر خۆیەوە دەیپرسی:-

" دەشێت ئەم کۆشکانە هی کێ بێت؟ کە من دڵنیام هەموو ئەوانەی لەناویا ئیش دەکەن، کرێچین..

ئەوانەش لەسێبەرەکەیدا کاری دەستگێریی و پێڵاو بۆیاخکردن دەکەن، تەماشاچین.."

تا دەهات زیاتر هەستی بەنامۆیی دەکرد، زیاتر لەو واقعە تازەیە دوور دەکەوتەوە کە گۆڕانە سەقەت و شێواوەکانی شارو خەڵکی شار دروستیان کردبوو .. خۆشك

و براكانیشی كه زانیان هێنده پارەی نەهێناوەتەوە، نانەواخانەیەكی پێدابنێت، تەواو سارد بوونەوە لەگەڵیا، بەجۆرێك هەرگیز لەو خوشك و برایانە نەدەچوون كە كاتی خۆی لەدانیماركەوە بەتەلەفۆن سۆزی براو خوشكێتییان پێ دەفرۆشت.. بۆیە هەر زۆر زوو گەیشتە ئەو باوەڕەی كە برایەكی ناو تەلەفۆن، بەمەرجێك لەئەوروپا بژی، هەزار جار بەڕێزترو خۆشەویستترە لەبرایەكی لات و بێپارە، كە هیچ ناونیشانێكی نەبێت لەناو تابووری تازەدەوڵەمەندەكانی شاردا..

***

بەدوای دایكیدا كەوتە گەڕان و شوێن پێهەڵگرتن..

یەكەمجار براگەورەكەی پێیوت:

- "سێ مانگ زیاترە نەمبینیوە، ئەو بەماڵی ئێمە رازی نابێت.. بابە پارەی زۆرەو خۆشیەتی، خودا دەزانێت ئێستا لەكوێیە".

خوشكێكی تری وتی:

-" ئەم دایكەی ئێمە ئابڕووبەرە، هەر بۆئەوەی لەكەدارمان بكات دەستی داوەتە سواڵكردن، ئەگینا ئەو مووچەیەكی خانەنیشینی و یەكێكی بێوەژنانەشی هەیە، كەی ناچارە...".

هاوسەری برابچووكەكەی، بەهەمان شێوازو بەگاڵتەو بزەخەنەیەكەوە پێیدەڵێت:

- "كورە سواڵ كیمیایە حەیاتم.. ئەوەی دەمی لێبدات مەگەر بەمردن وازی لێبهێنێت.. خۆتی پێوە ماندوو مەكە".

حكایەتی دەرودراوسێ بەجۆرێكیتر بوو.. ئەوان باسی پیرەژنێكی دەركراو و لانەوازی داماویان دەكرد، كە سواڵكردنی خۆی، تەنها سەرچاوەیەكە بۆ لەبرسانەمردن و لەسەرجادە نەنووستنی.

لەفەرمانگەی كاروباری كۆمەڵایەتیش پێیانوت:

- "ئەم ناوە پێشتر سێ جار هاتۆتە لای ئێمە، دیارە رازی نەبووە بەو بڕە یارمەتییەی بۆمان دابیندەكرا، ئیتر دوای ماوەیەك دەكەوتەوە گەڕان و شارەو شاركردن".

لە دووەمین حەفتەی گەڕانەكەیدا دایكی دۆزییەوە، دە رۆژ بوو تووشی رووداوی ئۆتۆمبێل هاتبوو، لەبەر نەناسراویی تەرمەكەی و هەڵنەگرتنی ناسنامە، لەمەیتخانەكەی شاردا وەك تەرمێكی نەناسراو دایان نابوو. هەرچەندە شێوەو رووخساری زۆر جیاواز بوو لەو ژنە بەسۆزو غەمناكەی پێش حەڤدە ساڵ دوامالئاوایی لێكرد، بەڵام یەكسەر ناسییەوە، چونكە سكێچەكانی دیمەنی دایك لەیادەوەریی هیچ كەسێكدا ون



نابێت، هەرچەندە مەودای دابرانەكان دوور بێت، نەقشی زاڵمانەی تەمەن و پیریی لەسەر رووخسارەكان كاریگەرو قوڵ بێت، دیمەنی دایك هەر بەئاشنایی دەمێنێتەوە.

***

دایكی بەخاكسپارد..

لەمەراسیمی پرسەكەیدا، بەپێچەوانەی خوشك و براكانییەوە، گرژو مۆن و لوتەلا، بەمەراقێكی زۆرەوە خۆی بەدوور دەگرت لەو رووپاییكردن و نوواندنە كۆمەڵایەتیانەی دەبوایە بیكردایە.. بۆیە هەر لەیەكەم رۆژەوە، ئەم وەك خوشك و براكانی نەمایەوە، نەوەستا بۆ ئەوەی هەناسەی خەم و ئازاری دایكمردنی هەڵكێشێت، قژو ریشێكی چڵكن دانێت و زیرەكانە رۆڵی كارەكتەرێكی غەمناك بنوێنێت.. بەپێچەوانەوە، ئەو ملی رێگای بازاڕی گرت.. بەدوو چاوی سوورو دەروونێكی شێواوەوە كەوتە خولانەوە بەبازاردا، گەڕا تابەرزترین باڵەخانەی شاری دۆزییەوە.. بازاڕێكی هاوچەرخی جوان، هەیكەلێكی كریستاڵی شوشەبەندی درەوشاوە، كە لەدووری ٥٠ مەترەوە كەوتە ژێر رەشایی سێبەرەكەی.. لەلوتكەی باڵەخانەكەدا تابلۆیەكی سپی گەورە دانرابوو، بەگڵۆپێكی سوور لەناویا نووسرابوو ( بازاڕی ژیان )..

نهۆم نهۆم بەسەر قادرمەكانیدا سەركەوت، تاگەیشتە نهۆمی حەوتەم، لەوێ بۆ ساتێكی كەم راوەستاو پڕ بەسییەكانی هەناسەیەكی هەڵژی، تێر تێر تەماشای جووڵەی خشۆكەیی خەڵكی ناو بازاڕەكەی كرد.. سەرەتا هەستیكرد خەریكە لەمردن دەترسێت، بەڵام هەر سووربوو لەسەر ئەو باوەڕەی كە: مادام هیچ هەڵبژاردن و بڕیارێكی لەدەستپێكردنی ژیانیدا نەبووە، ئێستا مافی هەڵبژاردنی شوێن و كاتی مردنی خۆی هەیە.. دواتر هەردوو چاوی نووقاندو وەك مەلەوانێكی شەیدای خۆهەڵدانە نێو قوڵایی گۆمەكان.. بەسەردا خۆی خستەخوارەوە..

٢٠٠٨/١٠

چیرۆك

# خەمێکی ئەرخەوانی

هیوا سەلیمی

پێشتریش هەر شەرمن بوو. زۆرجاران بەتیلەی چاو لێمدەڕوانی و ئاواتی سازدانی ئەوینێکی چیرۆك ئاساو جیهانێکی ڕۆمانسیم تێدا چاوەڕوان دەکرد. مێژووی عەشقێکی بەتاڵ لەکۆڵنابوو و هەمیشە لەوریشەی چاوم بەدیدەکرا. ئێوارەی راستە شەقامی شارە بچکۆلەکەمانم لەبیرە. لەزۆر شت دوایین. لەنیگای پڕ پشکنینی ڕێبواران خۆمان دەدزییەوەو جارجارەش لەیەك دەترازاین. نیگام ئاوێتەی نیگای دەکردو خوڵقانی ئەوینێك وەك برێشکە هەڵیدەقرچاندم. زریکەی تێکەڵ بەنوزەم دەبیست، "هیوا تۆ برامی و ... . چاوی، بەدزی لێوی دەوەستایەوەو بارانی لەبارووت و خوێن هەڵکشاو لەخووساندن دەیتۆقاند.

لایەك هەست، ژیان و گوڵە مێلاقەو لایەکیتر بارانی خوێن، چەقۆو ترس بوو. هەر ئەو ئێوارە ئەرخەوانیە بۆیگێڕامەوە. مێژووم خوێندووەتەوەو هەمیشە ژیان براوە بووە".

لێوو چاوی یەکیان گرت و خۆی هاویشتە ناو ئەو مێژووەوە. پێنووس لەدەستی ڕەنگامەی ژیانێکی نوێی نووسی. ژیانێك لێواولێو لەماچ و خۆشەویستی. ئەمانە





بیرەوەری ئێوارەی راستە شەقام بوون، دوای پیاسەیەکی کورت و ترساوی وەك هەمیشە لەبەندیخانەی ماڵ دەخزا. بێئۆقرەیی خۆی دەدرکاندو لەگەڵ دەستە خوشکانی ئاشقی بەئاوات نەگەیشتووی، لەدنیایەکی باشتر دەدوا.

وەرزەکان تێپەڕدەبوون و بەسەرهاتی شەوی بارانەکە، ژوانە ترسناکەکان، بوون بەیەك و خواردنی یەکتر دواتر بوونە بیرەوەری. ڕۆژەکانی ئێمە بەم شێوەیە دەهاتن. ملوانکەی زێڕینی ئەوینمان لەمل کردبوو.

ڕۆژێك بەهەڵە داوان هاتە ژووری کارەکەم. ڕەنگی گۆڕا بوو. بۆیگێڕامەوە کە باوکی و براکەی پێیانوتبوو کە ئێستا زۆر خەریکی خۆیەتی و خۆی دەڕازێنێتەوە. شەڵڵا هەر ئەوان بوونایە، تەنانەت دایکیشی هەڕەشەی کردبوو. چاوی شەلاڵی حەسرەت و ترس بوو. چاوەڕوانی ئەم ساتە دەکرا. جاران حەز خەیاڵێك و ئەمجارە تەجروبە بوو. ئەو بەیانییە زۆر بێتاقەت بووم. گەڕامەوە ماڵ. زۆر تێفکرام. هاتمە ئەو باوەڕەی کە باڵندەی دیل لەقەفەس هەست بەئازادی ناکات. نیوەڕۆکەی هەواڵێکی دڵتەزێن گەیشتە ماڵ. ژنە ئەسمەر سیماکەی دراوسێمان خۆی سووتاند. ئێوارەکەی هەواڵێکی ترم بۆهات، خزمێکمان کە هاوڕێم بوو بۆی گێڕامەوە، (بەچەقۆی دەستکردی باوکی هەڕەشەی سەربڕینی لێکرا. ڕۆژی دواتر خەبەردار بووم کە، ئێستاش هەر شەرمنە. تا ئەم چرکە ساتەش هەر شەرمنە چونکە ژیان نەماچ و نەخۆشەویستییەو ژیانیش هەر دووپاتکردنەوەی دۆینێیە. ئێستا شەوانە لەدەلاقەی هەستەوە تێکەڵ دەبین و راڤە دەکەین، لەئایندە دەدوێین و لەکۆڕپەکەمان کەپێشتر ناومان نا "ئاوات". لەو ئایندەیەی کە من باوکێکی بێسەرو بەرە نیم و ئەویش بەرگی زێڕینی دایکایەتی لەبەرکردووە. بۆ دواینجار لەپێش چاوی خەمبارو تێکەڵ بەئاوات نەگەیشتووم، لێویم دیت، هیوا بەسە، باتۆ هەر برای درۆینەم بیت و هەموو شتێك درۆیە.

ئێستاش دڵ، نیگاو هەستم ئاوێتەی ڕۆژانی ئەوەو چاوەڕێی لەدایکبوونی "ئاوات"ە. هیچ لای ئەو درۆ نییە، بەڵام هێشتا لەدنیای شەرمەوە کچێنی دەکات.

# کچە شازادەکان لەدۆزەی بنەماڵەدا

زاهیر ڕۆژبەیانی

(١)




خوێندنەوەیەکی وردی کارەکانی (جاین ساسۆن) بەڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەم ژنە نووسەرە ئەمریکییە بەدواداچوونێکی وردی بۆ پرسی ژنی ڕۆژهەڵاتی هەیە، وەك ئەوەی لەلاپەڕەکانی پێشوودا سەبارەت بەبارودۆخی ژیانی ئافرەتی کورد لەڕۆمانی (خۆشەویستی لەوڵاتێکی پەرتکراو)ی هەمان ڕۆماننوسدا دیتمان.

ئاخر ساسۆن بەسەریەکەوە نزیکەی (١٢) ساڵ لە(مەملەکەتی سعودیە)دا ژیاوە کە ناوەندی حوکمی ئیسلامی و نموونەیەکی





لەباری بەرجەستەیە بۆ سەرنجدان و لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی بنەماکانی تێڕوانینی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دەربارەی ژن و پرسەکانی ئازادیی بەگشتی.

ئەو لەماوەی ئەم (١٢) ساڵەی ژیانی لەسعودیەدا پەی بەزۆر لەو نهێنییە وردانە بردووە کە لەژێرخانی بونیادی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە دەبنە کۆسپ و مایەی نەهامەتییەکانی ژن و چەوساندنەوەیەکی لەرادەبەدەری توخمی مێینەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی.

بەرهەمی ئەم ژیان و تێکەڵییەی ساسۆن لەگەڵ ژنی سعودیەدا هەیبووەو هەیەتی و لەرێی ژنیشەوە لەگەڵ تەواوی کۆمەڵگەی سعودیەدا هەیەتی بەنێرو مێیەوە، تا ئێستا (٢) ڕۆمان و کتێبی مێژوویی کاریگەرو پڕ دەنگدانەوەن، کە جگە لەو زمانەی ساسۆن پێی دەنووسێت (ئینگلیزی) وەرگێڕدراونەتە سەر چەندین زمانی دیکەی جیهانی، لەوانە زمانی عەرەبیش بۆ ئەوەی خەڵکی عەرەب و تەواوی جیهانی ئیسلامی لەو دۆژە دۆزەخە راستەقینەیە ئاگادار بن کە کۆمەڵگەی پیاوسالاری عەرەبی سعودیە لەچەقی ئیسلامەتی لەپەنا پەردەی ئیسلامەتییەوە بۆ ژن و خێزان و منداڵی خۆیان داختستووەو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژیشدا پتر ئاگری دەدەن، کتێبەکانیشی ئەمانەن:

-١ڕۆمانی سوڵتان (بەسەرهاتی کچە شازادەیەکی سعودیە).

-٢ڕۆمانی سعودیە (بەسەرهاتی مەهاو، ئەمانی کچانی شازادە سوڵتانە).

لەمانەیش ئەوەی کە لێرەدا لەسەری دەوەستین ڕۆمانی سوڵتانەیە، سوڵتانە ڕۆمانێکە لەقوارەی (٢٦٦) لاپەڕەی قەوارە ناوەندیدا، کە (تەزیز جزمانی) وەریگێڕاوەتە عەرەبی و خانەی (نور) لەدیمەشق ساڵی ٢٠٠٨ چاپ و بلاویکردووەتەوە، سوڵتانە، بەسەرهاتی راستەقینەی کچە میرزادەیەکی سعودیەیەو لەبنەماڵەی نزیکی مەلیکە یەکلەدواکانی ئەو وڵاتەیە کە تا ئێستا برابوون بەزۆری، لۆمشەوە دەشێم بڵێم بەرهەمەکە کارکردێکی ناراستەوخۆیشە لەسەر قەیرانە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەی پادشایانی سعودیە بەنێرو مێیانەوە، ئەگەرچی لەرووی دەستکەوت و داهاتی داراییەوە راستەوخۆ لەسەر داهاتی نەوت دەژین، کە ڕۆژی ئەمرۆ دەگاتە بەهای فرۆشتنی پتر لە(١٠،٥) دەملیۆن و نیو بەرمیل نەوتی ڕۆژانە کە نرخی هەر بەرمیلێکی هەندێکجار لە(١٠٠) دۆلاری ئەمریکی تێدەپەڕێت.

سوڵتانە، خوێندنەوەیەکی زیرەکانەی واقیعییانەی ئەو دیو پەردەکانە: پەردەی ئایینی و پەردەی نەتەوەپەرستی، کە دەسەڵاتی سعودیە ساڵانە بەملیار دۆلار لەپەرەپێدانیاندا بەخەرجدەدا.

لەهەمانکاتیشدا خوێندنەوەیەکی وردو زانستیانەی سایکۆلۆژی و ساسیۆلۆژیانەی ئەو هەموو گرێکوێرە دەروونی و قەیرانانەیە کە ژنانی سعودیە لەژێر زەبری دابونەریت و فشاری خۆبەخشکارانی (لیژنەی ئەمری مەعروف و نەهی لەمونکەر)دا ناچارن لەپشتەوەی رووبەندە ئەستوورەکانیاندا شوێنبزریان بکەن.

ژنانی سعودیە پێش تەمەنی (باڵقبوون) و بەبێ ویست و ئارەزووی خۆیان و لەرێی باوك یان گەورەی ماڵەوە بەشوو دەدرێن، لەوکارەشدا جیاوازیی تەمەن رەچاو ناکرێت، ئەگەر بشکرێ لەبەرژەوەندیی پیاودا دەکرێت، کچێکی هەشت ساڵە بۆ پیاوێکی پەنجا ساڵە، کچێکی شانزە ساڵە بۆ پیرێکی شەست ساڵە، زۆربەی کاتیش ئەو پیاوانە پەسندترن کە پتر لەژنێك و دوو و سیانیان هەبێت، ژن هەتا لەماڵە باوکیشە کۆیلەی دەستی باوکە، مامە، برایە چەند بەتەمەن لەکچیش منداڵتر بێت، وەك ئەوەی لەنێوان (عەلی) و (سوڵتانە)و نۆ خۆشەکەکەی دیکەیاندا دەقەومێت و دەبێتە فاکتەری ئێرەیی و دووبەرەکێ و ململانێ و پیلان لەیەکترگێڕان و ئاکام سووککردنی خێزان و دەسراکێشانی لایەنی دەرەکی بۆ ناو کاروباری خێزان.

کچان لەسعودیەدا ئەو رۆژەی (بێنوێژی دەشۆن) دەبێت باوك یان گەورەی خێزان لەو گۆڕانە گرنگە(!) ئاگادار بکەنەوە، ئەگەر تا ئەو رۆژە بەشوو نەچووبن، ئەگەر لەماڵە بابیش بەشوو نەچووبن، ئەگەر لەماڵە بابیش بن ئەوە هەر لەو رۆژەوە دەبێت عەباو پەچە بپۆشن و ئیتر دەستوپێیان وەدەرنەکەون، لەحەرەم دەرنەچن و تێکەڵ پیاوانی خێزانیش نەبن، چوونە دەرەوە قەدەغە دەبێت بۆ هەر شتێك و بۆ هەر کارێك بێت نابێت لەماڵ دەربچن، مەگەر بۆ کاری زۆر پێویست ئەویش بەیاوەری دایك و زردایکان، تەنانەت لەماڵ و ڤێلا خێزانییەکانیشدا باخچەی ژنان و باخچەی پیاوان و باخچەی تێکەڵاو بوون جیاوازن لەهەندێك حاڵەتدا نەبێت ئیتر نابێت ژن و پیاو تێکەڵاوی یەکتر بن.

ئەمە نەك هەر بۆ ئافرەتانی خێزانی مەلیك و رەشە خەڵکەکە، بەڵکو بۆ ئەو ژنە کارەکەرانەش پەیرەودەکرێت کە لەمالیزیاو هیندو ئەندەنووسیاو تایلاندو کۆریاو فلیپینەوە بۆ خزمەتگوزاریی دەهێنرێنە سعودیەو لەماڵی وادا هەیە ژمارەیان دەگاتە دەیان، کە هەندێکیان بەتایبەت بۆ کاری سێکسی مندالانی هەرزەکار رادەگیرێن، وەك لە(مادلین-ی فلیپینی) دەقەومێت کاتێك بەباب و دوو کورییەوە بەکاری دەبەن.

کارەکەر، لەماوەی گرێبەستەکەیدا نابێت لەماڵی خانەخوێ وەدەرکەوێت، نابێت پەیوەندیی تەلەفۆنی بەکەسەوە هەبێت، تەنانەت بەکەسوکاری خۆیشیەوە لەوڵاتانی دیکە، نابێت هاوولاتیان و دەستە خوشکەکانی کە لەمالانی دیکەدا کار دەکەن پێوەندی پێنانەوە هەبێت، نابێت شت بۆ وڵاتانی خۆیان بنێرنەوە، یان لەوێوە دیاری و شتیان بۆ





بێت، پۆلیس و دادگاو کۆمپانیاکانی عەماله لەخواست و داواو شکایەتییان ناکۆڵنەوە، هەتا ماوەی گرێبەستەکەیان لەکاردا بێت، لێیان دەدرێت، رووشکێن دەکرێن، کرێیان دەخۆن، هەندێکجار پیاوانی خاوەن ماڵ لەنێوان یەکتردا بۆ رابوردن دەیانگۆڕنەوە.

کچە سعودی دەبێت بەهەر نرخێك بووە پەردەی کچێنی بپارێزێت، خەتەنە بکرێت، خۆی لەدڵداری بپارێزێت، ئەوەیشی لێی بقەومێ لەگەڵ کوڕێکدا بگیرێت، یان خوانەخواستە لەبەر هەر هۆیەك بێت پەردەی کچێنی بپژێت، یان بەبێ شووکردنی فەرمی سکی پڕ بکرێت، ئەوە سزای جەڵدەکردن و ئەوسا کوشتنە وەك ئەوەی لەدەقەکەدا روودەدات کاتێك (نادیە) بەهۆی پەیوەندییەکی زارەکییەوە لەلایەن باوکیەوەو لەئاهەنگێکی (!) خێزانیدا لەحەوزی ڤێلاکەی خۆیاندا لەئاوا دەخنکێنرێت، یان وەك ئەو کچە نابالقەی کە برادەرانی براکەی لەئاهەنگێکی خواردنەوەو تلیاککێشاندا دەستیان دەیگاتێ و خراپی دەکەن، بەڵام کە سکەکەی لێ جیادەبێتەوە ئەویش لەئاهەنگێکی جەماوەریدا کە بەرەسمی و بەئاگاداری دەسەڵات بەگەڵابە بەردی بۆ دەهێنرێت، سەنگباران دەکرێت.!.

بەرامبەر بەم توندوتیژییەی لەگەڵ کچان و ژناندا دەکرێت، دەبینین کوران و پیاوان تا ئەوپەڕی سنوور ئازادن لەمومارەسەکردنی سێکس، ئیتر لەگەڵ ژنە کارەکەرە بیانییەکاندا بێت لەناو ماڵی خۆیان، یان لەرێی ئەو گەشتوگوزارەوە بێت کە لەگەڵ برادەراندا دەیکەن، یان تەنانەت لەو کاتەشدا بێت کە لەگەڵ باوکیاندا ساڵانە دوو سێ جاران بەتایبەت بۆ ئەو وڵاتانەی دەکەن، کە بەگەشتوگوزاری سێکسییەوە ناسراون، وەك ئەو ریسواییەی کە (عەلی) و (هادی) لەمیسر دەیکەن، لەکاتێکدا هادی لەوڵاتانی سعودیەدا لەلیژنەی ئەمر بەمەعروف و نەهیکردن لەخراپەیە، کەچی لەمیسر بەپارە کچێکی (٨)ی ساڵانە لەدایکی دەکڕنەوەو کچێنی دەپژێنن و بەخوێنوخورەوە دەیدەنەوە خاوەنی، یان وەك ئەو سەفەرە وەرزیانەی (عەلی)و باوکی بۆ وڵاتانی ئاسیای رۆژهەڵات دیکەن و زۆر درەنگ (سوڵتانە) لەمەبەستەکەی تێدەگات و دەزانێ بۆ براو باوکی بەرێکوپێکی درێژە بەو گەشتە سێکسیانەیان دەدەن و بێشەرم پێکەوە ئەنجامی دەدەن.

لەسعودیەدا بازرگانی سێکسی شاز، فیلمی سێکسی، گۆڤاری سێکسی، سێکسی بەتەلەفۆن، سێکسی بەئینتەرنێت، دووورینـــەوەی پـەردەی پـڕاوی کچێنی و زۆر کاری پەیوەندیداری دیکە لەبرەودایە وەك بازرگانی مەی و بیرەو ویسکی و مادده بێهۆشکەرەکانی دیکەی وەك تلیاك و هیروئین و ماریجوناو...

کارە خزمەتگوزارییە دەرەکییەکانیش وەك چاودێری ڤێلاکان و سایەقی و باخەوانی و ئەوە بەخزمەتکارە پیاوە بەرەگەز میسرو سودانی و بەتایبەتیش بەیەمەنییە توندو تیژە خەنجەر لەپشتەکان دەسپێردێت، کە هەندێك لەمانە تەنانەت دەست لەکاروباری ژنانی

بنەماڵەش وەردەدەن، وەك عومەر میسری سایەق، لەماڵی باوکی سوڵتانەدا.

ئەوەی وتن هەڵدەگرێ ئەوەیە کە هەر ژن و خزمەتکارە پیاو و ژنە کارەکەرە بیانییەکان نییە کە لەسعودیەدا دەچەوسێنرێنەوە، بەڵکو لەڕاستیدا کۆمەڵە کۆیلە عەبدێکیش لەوێدا هەن کە نەوەی ئەو حاجییە سودانی و نایجیرییە موسڵمانانەن کە لەوەرزی حەجدا لەئەفریکاوە منداڵی کوڕو کچی خۆیان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن و لەدوای حەج بەسعودییەکانیان دەفرۆشن بۆ ئەوەی بەپارەکانیان بتوانن بچنەوە بۆ وڵاتانی خۆیان، وەك (هودا) کە خۆی و چەندین کەسی وەك ئەو لەماڵی باوکی سوڵتانەدا خەریکی کارەکەری و خزمەتکاریی ماڵەکەن، کە تەنانەت پاش دەرچوونی یاسای ئازادکردنی کۆیلەکانیش لـە١٩٦٢دا لەسەر داوای خۆیان و بەتکاو پاڕانەوە (!) لەو ماڵانەدا ماونەتەوەو لەبەرئەوەی خانەوادەکانی خۆیان پێینازانن لەوڵاتی خۆیاندا، بۆیە ناتوانن بگەڕێنەوە ناو کەسوکارو زێدی خۆیان، بۆیە بەمەمنونیشەوە لەسەر ئەو کۆیلەیەتییە بەردەوامن و ئێستاش کۆیلە دەخەنەوە.

لەڕۆمانی سوڵتانەشەوە تێدەگەین تا ساڵی ١٩٦٢ خوێندنیش لەقوتابخانە لەکچان قەدەغە بووە، ئەو ژنەشی کە کچ دەهێنێت دەکەوێتەبەر تانەو تەشەر، کارکردن چ لەشوێنە تایبەتییەکان و چ لەشوێنە گشتییەکاندا بێت، لەژنی سعودیە قەدەغەیە، سایەقی ئۆتۆمبێل لەئافرەتی سعودیە قەدەغەیە.

کە لەساڵی ١٩٦٥دا یەکەم ئێزگەی تەلەفزیۆن لەسەردەمی مەلیك فەیسەڵدا دەکرێتەوە، پیاوانی ئایین لەدژی دەوەستن و لەخۆپیشاندانێکی گەورەدا یەکێك لەبنەماڵەی دەسەڵاتدار دەکوژرێت کە سەرکردایەتیی خۆپیشاندانەکە دەکات و لە١٩٧٥یشدا برازایەکی ئەو کوژراوە لەتۆڵەی مامیدا، مەلیك فەیسەڵ لەسەر ئەو میرزادەیە دەکوژێت.

لە١٩٧٧دا مەلیك خالید دوو بڕیار دەردەکات:

یەکەم: نابێت ئیتر ژن بەبێ هاوڕێیەتی پیاوەکەی لەماڵ بچێتە دەرەوە، دووەم: بەهیچ شێوەیەك نابێت کچ بۆ خوێندن بچێتە دەرەوەی سعودیە، ئەویش بەهۆی ڕووداوەکەی شازادە سەمیرەوە، کانوونی دووەمی ٢٠٠١یش ئەوجا حکومەتی سعودیە ناسنامە بۆ ژن دەردەکات.

سوڵتانە تۆمارگەی پڕ لەکارەساتی ژنانی سعودیە، نهێنییەکانی دەستاودەستکردنی دەسەڵات و مەلیکەکانی سعودیەیە، پانۆرامایەکە بۆ کارو کردەوە دزێوو نایاساییەکانی میرانی بنەماڵەی دەسەڵاتدارو وەدەستهێنانی ناشەرعی و پەخشانوتەخشانکردنی ملیارەها دۆلاری داهاتی ئەو وڵاتە لەشارەکانی پاریس و لەندەن و نیویۆرك و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا.



سوڵتانە ڕۆمانێکە بەسەرهات و سەرهەڵدانی بنەماڵەی ئالسعود دەردەخات و نزیکەی نیو سەدە لەڕووداوی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و پڕ لەناکۆکی و ململانێی ناوخۆی میرزادەکانی ئالسعود لەسەر دەسەڵات و ناکۆکی ئەوان و چینی ناوەڕاستی ئەو وڵاتە وێنا دەکات، کە زۆرجار لەژێر پەردەی پارێزگارییکردنی ئاییندا خۆی دەنوێنێ، ئایینپەروەرییەك کە بەتەنیا لەناو سنووری سعودیەدا بانگەشەی بۆ دەکرێت، بەڵام لەپشتی دەرگا داخراوەکانەوەو لەدەرەوەی سنوورەکانی سعودیەدا پیرۆزییەکانی پێشێڵدەکرێت.

سوڵتانە کچە شازادەیەکی سەرکێش و ڕچەشکێن و یاخییەو بوێرانە بەرگری لەمافەکانی خۆی دەکات و یارمەتی و هانی ئافرەتانی دیکەیش دەدا بۆ ئەوەی خۆ لەو بارودۆخە ڕزگاربکەن کە تێیدا دەچەوسێنەوە، بەڵام هاوارەکەی هاوارێکی تاساوەو هەر بۆ خۆی و بەخۆڕاگریی خۆی لەسنووری ماڵ و خێزانەکەی خۆیدا یۆتۆپیایەکی ئێرەتی پێ دروستدەکرێت ئەویش کاتێك کە نۆبەرەکەی کوڕ دەبێت.

سوڵتانە بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەیە، بەڵام ساسۆنی ڕۆماننووس بۆ پارێزگاریکردنی ژیانی ناچار بووە ناوی کاراکتەرو شوێنەکان و هەندێك لەڕووداوەکان یان بگۆڕێت، یا بۆی زیاد بکات، یان لێی دەربکات، یان پاش و پێشیان بکات، بەپێچەوانەی ئەوەوە کە لەڕۆمانی (خۆشەویستی و لەوڵاتێکی پەرتکراو)دا کردوویەتی.

خۆشەویستی لەوڵاتێکی پەرتکراویشدا دیسانەوە ڕووداوێکی ڕاستەقینەیەو سەرکێشی و یاخیبوونی کچە کوردێك (جوانە) دەگێڕێتەوە کە شەیدای پێشمەرگەو پێشمەرگایەتی دەبێت و لەپێناوی ئازادیی خۆی و گەلەکەیدا پەنا وەبەر چیا دەبات.

لەخۆشەویستی لەوڵاتێکی پەرتکراودا ناوی جوانەو کارەکتەرەکانی دیکە، ناوی چیاو گوندو دۆڵ و شوێنەکان هەموو ڕاستەقینەن، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو دەیان وێنەی دۆکیۆمێنتی فۆتۆگرافی جوانەو خەڵکەکانی دیکەیشی لەپاراتێکستەکاندا بڵاوکراونەتەوە، بەناونیشانی و کاری (ئێستا)ی جوانەشەوە کە لەفرۆکەخانەی (هیسرۆ)ی بەریتانیا کارمەندە، لێرەشەوە خوێنەر دەتوانێ بەراوردێك لەنێوان بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی ژنانی سعودیەو ژنانی کورددا بکات، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەدا کە نەك هەر ژنی کورد، بەڵکو خاك و خەڵکی کورد هێشتا ژێر دەستەی وڵاتانن، لەکاتێکدا سوڵتانە هاووڵاتیی وڵاتێکی (سەربەخۆ)یە (!).

جاین ساسۆن هەردوو ڕۆمانەکەشی لەڕێی وەگێڕێکی زاتییەوەو بەشێوازی کەسی یەکەمی تاك (من)ەوە گێڕاوەتەوە، ڕستەکانی، وێنەکانی، ڕووداوەکانی، کارەکتەرەکانی هەردوو ڕۆمانەکەش سادەن و گوزارشت لەڕووداوی ڕۆژانەو پەژارەی ڕۆژانەو چارەسەری ڕۆژانە دەکەن، بەو واتایەی کە دەقی یەك دیون و دەلالەتێکی قوڵتری فەلسەفی،

سایکۆلۆژی، یا ئایینی و ئەفسانەیی لەخۆ ناگرن و ئاماژەیەکیان تێدا نییە خوێنەر بۆ جیهانێکی دیکە، یا چینە واتایەکی دیکەی قووڵتری شاراوە رابکێشن.

لێکچوونێکی دیکەی شیاوی سەرنجی هەردوو رۆمانەکە: سوڵتانەو خۆشەویستی لەوڵاتێکی پەرتکراودا، ئەوەیە کە هیچ کام لەکارەکتەری سەرەکی بۆ ئاواتی خۆیان ناگەن نە (جوانە)ی کوردو نە (سوڵتانە)ی عەرەبیش، رۆمانی خۆشەویستی لەوڵاتێکی پەرتکراو، بەکیمیابارانی کوردستان و ئەنفالی خەڵك و شکستییەکانی ١٩٨٨و رەوکردنی خەڵکی کوردستان و ئاودیوبوونی جوانەو خێزانەکەی بۆ کوردستانی رۆژهەڵات بۆ (سەقز) کۆتایی دێت، رۆمانی سوڵتانەش بەئازارو ئەشکەنجەو نەهامەتی و ئەو (٧٤) ژنە سعودییە کۆتایی دێت، کە لەهاتنی سوپای ئەمریکی و دیتنی سەربازو ئەفسەرو فەرماندەو فرۆکەوان و سائیقی ژن تێیاندا، کە لە١٩٩١دا بۆ رزگارکردنی کوێت دەرژێنە سعودیە، ئاماژەیەك بۆ گۆرانکاریی بنەرتی و رەوتی ژنانی سعودیە وەردەگرن و ئەمانیش وەك ئەوان دەکەونە هاژۆشتنی سەیارەی خۆیان بەشەقامەکانی ریازو جەدەو شارەکانی دیکەی سعودیەدا، بەڵام خۆبەختکارانی لیژنەکانی ئەمر بەمەعروف و نەهی لەمونکەر و پیاوانی دەسەڵاتدارانی ئایینی لێیان دێنەدەست و هەموویان دەستگیردەکەن و پاش ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر بزاوتەکە کۆنترۆڵ دەکەن و سەرئەنجام یەکێکیش لەو (٧٤) ژنە گیان لەدەستدەدا.

ئەم بەراوردکردنە لەنێوان هەردوو رۆمانەکەدا رەنگە پێویست نەبوایە، بەڵام جاین ساسۆن بەخۆی لەلاپەرە (٢٤٥)ی رۆمانی (سۆڵتانە)دا ئاماژەی بەکۆرەوو رووداوەکانی ١٩٩١ی کوردستان کردووە کە هاوشێوەی جموجوڵە نەزۆکەکەی ژنانی سعودیە دەیبینێ و وەك ئەنجامی یەك کرداری سەربازیی دەیانبینێت.

ماوە ئەوەش بڵێم کە جاین ساسۆن لەهەردوو ئەم رۆمانانەیدا: سوڵتانەو خۆشەویستی لەوڵاتێکی پەرتکراودا چ لەسەرەتاو چ لەپاشکۆی دەقەکەشدا کۆمەڵێك نامەی کەسی سەرەکی و دۆکیومێنتی و بیۆگرافیای کەسان و رووداوی مێژوویی لەپاراتێکستەکانیاندا بڵاوکردووەتەوە، کە لەوانەیە بۆ سەلماندنی راستگۆیی و مەبەستی دیکۆمێنتی پێویستبن، یا بۆ پتر رێنماییکردنی خوێنەر لەتێگەیشتنی دەقەکان کەڵکیان هەبێت، با ئەوەش لەبیر نەکەم کە لەچاپە عەرەبییەکەی (سوڵتانە) لەلاپەرە (١٨٣)دا سوڵتانە دەڵێت (عومەری برام...) بەڵام لەراستیدا عومەر سایەقیانە و سوڵتانە تەنیا یەك برای هەیە کە (عەلی)یە، ئیتر نازانم هەڵەی وەرگێرەکە، یاهی خودی نووسەری رۆمانەکە؟!.

بەهەرحاڵ وای بۆ دەچم کە جاین ساسۆن لەرۆمانەکانیدا ئەوەندە بەپەرۆشی گەیاندنی پەیامە کۆمەڵایەتی و مرۆڤانەکەیەتی، ئەوەندە لەخەمی وردەکاریی هونەریی پرۆسەی





گێرانەوەی دەقدا نییە، ئەگەرچی تا رادەیەکی زۆریش دەقەکانی سەرکەوتوون، بەڵام دیارە ئەولەویەت لای ئەو گەیاندنی پەیامەکەیەتی، بۆیە زۆرجاریش لەهەردوو ئەم رۆمانەیدا دەبینین گرنگیی بەهەندێك رووداوی راستەوخۆی ئەوتۆ دەدات کە هەستی دەسهەڵبەستییان لێدەکرێت، وەك ئەو هەڵسوکەوتانەی مندالانی گەرەك، مندالانی عەرەب لەبەغدا لەگەڵ (جوانە) کارەکتەری سەرەکی (خۆشەویستی لەوڵاتێکی پەرتکراو)دا دەکەن و دەبنە بنەمای هەڵوێست و کاردانەوەکانی ژیانی پاشەرۆژی، یان وەك هەڵسوکەوتە سادییەکانی (عەلی) لەگەڵ خوشك و پەلەوەرو گیانلەبەراندا لەرۆمانی (سوڵتانە)دا دەیکاو ئیرەیی و رقی سوڵتانەو خوشکەکانی دیکەی لەخۆی دەوروژێنێت.

بەڵام دیارە خزمەتێکی راستەوخۆی ساسۆنیش دەکەن کە گەیاندنی پەیامە مرۆڤانەکەیەتی، کە لەرۆمانی (سۆڵتانە)ی بابەتی بەردەستماندا بریتییە لەوەی بڵێ: سامان و دەسەڵاتی بێسنووریش ناتوانن بەختەوەریی و دڵنیایی و بەردەوامی و ئازادیی بۆ بنەماڵەی میران دابین بکەن، بەتایبەتیش بۆ ژنەکانیان، کە لەهەموو کات و شوێنێکدا بۆ پارێزگاریکردنی ئەو سامان و دەسەڵاتە دەکرێنە قوربانیی.

(٢)

کچانی سعودیە، یان کچە شازادەکانی عەرشی سعودیە، وەك (خانەی ئەلحوریە) لەوەرگێرانی (ئەیاد ئەحمەد) لەساڵی ٢٠٠٠، لە(٢٥٢) لاپەرەدا چاپ و بڵاویکردەوە، دووەم رۆمانی ژنە رۆماننوس (جاین ساسۆن)ە، دوای (سوڵتانە)، کە وەکو رۆمانێکی واقیعیانە لەسەر دۆخی ژیانی ژنانی شانشینی سعودیەی نووسیونی، یان راستتر بێژم (کچانی سعودیە) بەسەرهاتی نەوەی دوای سوڵتانەیە، کە ژیانی کچانی سوڵتانە (مەهاو، ئەمانی) وێنا دەکات، کە پێناچێت جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ژیانی دایکان، یا تەواوی ژنانی ئەو مێژووەی سعودیەدا هەبێت، کارەسات هەمان کارەساتە، پێشێلکاریی مافی ژنان، تەماشاکردنیان لەلایەن پیاوەوە، لەلایەن یاساوە وەك هاووڵاتی پلە دوو، یان تەنانەت وەك ئاژەڵ نەك هەر لەشەقام و دەرەوەی ماڵدا، بگرە لەناو خودی خێزانیشدا، بەکاربردنی ئیستیهلاکی خزمەتکارانی بیانی بەکاربردنی سێکسیانەی ژنانی کارەکەری بیانی لەماڵەکاندا، کە هەندێکجار ژمارەیان لە(٥٠)یش تێپەردەکات لەکۆشکێك لەکۆشکەکاندا، دەوڵەمەندی و دەستکەوتی ناشەرعی و خواردنی سامانی نەوت و بەفیرۆدانی ئەو داهاتە سروشتییەو خەرجکردنی لەرابواردن و خواردن و خواردنەوەدا، لەپاڵیشیدا بەناهەق ئیدیعاکردنی خواپەرستی و ئایینپارێزی و زوڵموزۆری لەرادەبەدەر، لەژێر ئەوپەردە پیرۆزەدا، هێشتا بەگەرمی و زیاتر لەوەیشی کە لە(سوڵتانە)دا تۆمارکراون، بەردەوامن.

کاراکتەرانی (کچانی سعودیە) هەمان کاراکتەرانی رۆمانی (سولتانە)ن، وەگێر، چیرۆکبێژی (کچانی سعودیە)ش هەمان وەگێری رۆمانی (سولتانە)یە کە شازادە سولتانەیە، لەگەڵ جیاوازیی ئەوەدا کە لەرۆمانی (سولتانە)دا، شازادە سولتانە بەخۆی کاراکتەری سەرەکییەو بەخۆیشی وەکو وەگێری زاتی بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوەو زۆربەی کاتیش بەخۆی وەکو کاراکتەرێکی سەنتراڵ لەچەقی بەسەرهاتەکەدایە، بەڵام لەرۆمانی دووەم، لە(کچانی سعودیە)دا لەو جێگە سەنتراڵەدا نامێنێت و دەکشێتەوە هێڵی پشتەوەو لەوێوە وەکو کاراکتەرێکی لاوەکیترو زۆرجار یارمەتیدەر کار لەرووداوەکان دەکات و بەسەرهاتەکەش هەندێکجار لەگۆشەنیگایەکی زاتییەوە، زۆر جارانیش لەگۆشەنیگایەکی مەوزوعی و وەکو وەگێڕێکی ئۆلۆمپی دەگێڕێتەوە کە ئاگاداری دیوی ناوەوەو دەرەوەی کەسەکان و رووداوەکانیش بێت.

رۆمانی (کچانی سعودیە) بەئاشکرابوونی نهێنی نووسین و بڵاوکردنەوەی رۆمانی (سولتانە) دەستپێدەکات کاتێك کە (عەلی) برای سولتانە لەهەندەران چاوی بەنوسخەیەکی وەرگێردراوی رۆمانەکە دەکەوێت و بەپەلە دەگەڕێتەوە سعودیەو کۆبوونەوەیەکی خێزانی بۆ تاوتوێکردنی دەرئەنجامەکانی ئەو کارە لەخێزانەکەیان، رێکدەخەن بەسەرۆکایەتیی باوکە توندوتیژەکەیان، لێ ئەنجام دەگەنە ئەوەی کە واچاکترە ئەو نهێنییە پەردەپۆش بکەن و بەخۆیان لەخۆیانی نەکەن بەهەراو لەبەر بەرژەوەندیی بنەماڵەکەیان و بەپشتبەستن بەوەی کە میران و خەڵکی سادەی سعودیە ناخوێننەوەو بشخوێننەوە ناچنەوەسەر ناوە گۆڕاوەکان و پەی بەوردەکارییەکانی رووداوەکان نابەن، کارەکەی سولتانە دیزەبەدەرخۆنە دەکەن، پێموایە ئەرکی ئەم مۆتیفەی سەرەتا لەرووی هونەرییەوە هەر ئەوەندەیە کە هەردوو رۆمانی (سولتانە)و (کچانی سعودیە) پێکەوە بەتوندی گرێبدات، بۆیە هەرزوویش دەبردرێتەوەو زوویش لەبیر دەکرێت و تاکۆتایی رۆمانەکەش ئیتر سەرهەڵنەداتەوە، ئەمەش بەکارێکی سروشتی دەزانم، چونکە رۆمانی (کچانی سعودیە) بەسەرهاتی (مەها)و (ئەمانی)ی کچانی شازادە سولتانەن، نەك سولتانە خۆی.

مەها، لەگەرمی هەرزەکاریدا، بەئیلهام وەرگرتن لەبوونی سەدان، بەڵکو هەزاران کچە ئەمریکی سەربازو رۆژنامەنووسی کچی بیانی، کە بەهۆی شەڕی یەکەمی کەنداوەوە هاتوونەتە سعودیەو وەکو پەرچە کاردانەوەیەکیش بۆ دابوونەریتی توندوتیژیی ئایینی و کۆمەڵایەتی و بەکاریگەریی راستەوخۆی هاوتەمەنێکی خۆی لەرەشەخەڵکەکە (عائیشە)، لەهەموو بنەما کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت تا رادەی خوانەناسی- ئیلحادیش لەئایین یاخی دەبێت و لەگەڵ ئەو دەستەخۆشکەیدا جگە لەسێکسی شاز (پەنپانکێ- سوحاقیەت)، بەدزینی چەك لەباوکی عائیشە خۆیان لەسەر بەکارهێنانی چەکیش لەدژی



پیاوانی خۆبەخشی لیژنەی ئەمر بیلمعروف و نەهی لەمونکەریش رادەهێنن، کاتێکیش حاڵەتەکەی لێ ئاشکرا دەبێت تووشی هیستریایەکی توند دەبێت و دایك و باوکی بەپەلە دەیگەیەننە لەندەن و پاش چارەسەرکردنێکی درێژخایەن ئەوجا دێتەوە دۆخی خۆی، بەڵام تا سەر ئێسك لەسەر خوانەناسی و کوفرو دژایەتیکردنی ئایین بەردەوام دەبێت.

حاڵەتەکە لەکن (ئەمانی) خوشکە بچوکی مەها بەپێچەوانەوە دەکەوێتەوە، ئەمانی سەرەتا خوو بەخێوکردنی پشیلەی بەرەڵلاو سەگە خوێڕییەکانی سەر شاقامانەوە دەگرێت، تا وای لێدێت ئەندامانی خێزانەکەی بێزار دەکات، دایك و باوکیشی بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی هەرزەکارییەکەی بەخراپتر پرنەکاتەوە، چاوپۆشی لێدەکەن، تا ژمارەی سەگ و پشیلەکانی لەدەیان تێدەپەڕن و وەکو حاڵەتێکی نەخۆشییانە لێی پیسدەکات.

کێشەیەك کە (ئەمانی) لەنێو ماڵ و بنەماڵەو دەستەخۆشکەکانیدا دەینێتەوە هەر پشیلەبازی و سەگبازییەکەی نییە بەتەنیا کە لەلای موسوڵمانان بەگشتی و وەك بوونەوەرێکی هەرگیز لەپاکبوونەوە نەهاتوو (گڵاو) مامەڵە کراوەو دەکرێت، بەڵکو کێشەی راستەقینە ئەوەیە کە لەناو دەوروبەرەکەیدا وەکو (داعیە)یەکی ئایینی توندڕەو ئوسوڵیەکی سەلەفی سەد دەرسەد خۆی نمایشدەکات.

دەستەخوشکەکانی لەبنەماڵەو لەهاوەڵەکانی لەماڵی خۆیان کۆدەکاتەوە، وەعزیان بۆ دادەدات، رۆڵی خۆبەخشکارانی ئەمر بیلمەعروف و نەهی لەمونکەریان لەگەڵ دەگێڕێت، لەپشت دەرگای داخراوی ژوورەکەیەوە دەست دەکات بەخوێندنەوەی قورئان و فەرموودەکان، لەپێشدا بەسەر (مەها)ی خوشکە گەورەیەوە خۆی دەکات بە(سانسۆر) تا رۆژێکیان مەها لێی وەدەستدێت و لێدانێکی باش لێیدەدات، بەڵام هەر کۆڵنادات و بازنەی (دەعوە)کەی وا گەورە دەکاتەوە تەنانەت (عەبدوڵلا)ی برای و سولتانەی دایکی و کەریمی باوکی و میمکەکانیشی دەگرێتەوە، تا لەقۆناغێکی دیکەدا دەگاتە رادەی بانگهێشتکردنی خزمەتکارو کارەکەرە بیانییە غەیرە موسڵمانەکانیشی بۆ ئەوەی واز لەئایینی خۆیان بێنن و ببنە موسڵمان، چاوەدێری هەڵسوکەوتیان دەکات، لەپێوەندییە تایبەتییەکانی نێوانیان دەکۆڵێتەوە، بێزاریان دەکات.

بەڵام هەرچی (عەبدوڵلا)ی کوڕە تاقانەی سولتانەیە ئەوە رەوتێکی میانڕەوانەی نێوان هەردوو خوشکەکەی دەگرێت، نە وەك (مەها) خوانەناس، نەوەك (ئەمانی)ش سەلەفییەکی توندڕەو، ئەمەش بەتایبەت لەو هەڵسوکەوتە شارستانییەدا وەدەردەکەوێت کە عەبدوڵلا لەوەیەکتر گەیاندنەوەی هەردوو ئاشقی راستەقینە (جەعفەر)ی فەلستینی و کرێکارو (فایزە)ی کچی سعودی دەوڵەمەندو کچی خاوەن کار، کە بەبێ رەزامەندی دایك و باوك و بنەماڵەی (فوئاد)ی کارساز- رەجولوئەعمال هەڵدێن بۆ ئەمریکا، بەڵام دەستی

فوئادیان دەگاتێ و کچەکەی لێدەستێنێتەوە، کەچی عەبدوڵڵا بەپارەو بەهەوڵی خۆی لەلوبنان پێیان دەگەیەنێتەوەو دواتر لەگەڵ باوك و دایکی کچەشدا ئاشتییان دەکاتەوە.

فوئاد خۆی لەبنەماڵەی شاهانی سعودیە نییە، بەڵکو زاوایانە، بەڵام بەپێی یاسای ئەو وڵاتە کورانی سعودیە دەتوانن ژنی غەیرە سعودی بخوازن، کەچی کچانی سعودی نابێت شوو بەکورانی بیانی بکەن، لێرەوەیە کە شووکردنی (فایزە)ی سعودی بە(جەعفەر)ی فەڵەستینی بەکارێکی نایاسایی دەژمێردرێت، لەهەمانکاتدا لەرووی کۆمەڵایەتیشەوە بەکارێکی نەفرەتلێکراو دەژمێردرێت کچی خاوەنکارێکی دەوڵەمەند شوو بەکورە هەژارێك کرێگرتەی باوکی بکات، بەتایبەتیش بەبێ پرسی ئەو باوکەو بە(هەڵگرتن) کە ئەمە یاخیبوونێکە سزاکەی جەڵدکردن و سەنگەسار- بەردبارانکردنە.

چاوپۆشیی فوئادو خێزانەکەی لەم تاوانەی (فایزە)و لێخۆشبوونیان لەو یارمەتییەی کە عەبدوڵڵا پێشکەشیکردوون بۆ ئەوەی (ئەمانی) بۆ جاری دووەم بتوانێت لەدەستی بنەماڵەکەی هەڵبێتەوەو بگاتەوە بەمێردەکەی لەلوبنان، ئەمانە هەموو ئاماژەن بۆ گۆڕانکارییەکی خوازراو و چاوەڕوانکراوی یاسایی و کۆمەڵایەتیی کە نەوەی نوێ بتوانێت لەسعودیەی داخراودا بیکات.

بەڵام ئایا وەدی هاتنی ئەم ئاواتە ئەوا نزیکە دەستە؟!. ئایا تەنیا بوونی کچان و کورانی سەربازی ئەمریکایی کە لەجێی خۆیدا بۆ پشتیوانیکردنی سیستمەکانی حوکم لەکەنداو هاتوونەتە سعودیە لەگەڵ بوونی ئێرەتی چەند رۆژنامەنووسێکی کوڕو کچی بیانی، وەك فاکتەرێکی دەرەکی بەسن بۆ ئەوەی سیستمی یاسایی و ئایینی و کۆمەڵایەتی سعودیە بەقازانجی ژنانی ئەو وڵاتە بەرەو چاکسازییەکی بنەڕەتی بەرن؟!.

بەڕاستی ئەمەیان جێی گومانەو ئەوەشی ئەم گومانە پشتڕاستدەکاتەوە هەندێك ئاماژەی دیکەن کە لەدەرەوەی بنەماڵەی سوڵتانەدا روودەدەن، بەڵام رەهەندێکی گشتگیریی نیشتمانی و نەتەوایەتی مێژوویی و بەربڵاوترو کاریگەرتر بەکارەساتە مرۆییانەکە دەدەن، کە لەڕووداوی خەتەنەکردنی (ئەلحان)ی کچە میسریدا، کە سوڵتانەش وەك میرزادەیەك، ناتوانێت رایبگرێت، چونکە رای خودی خانەوادەکەی لەسەرە، رەهەندێکی نەتەوایەتی عەرەبی وەردەگرێت، کە رەگوڕیشەی دەچێتەوە زەمانی فیرعەونییەکان.

رووداوی تەعەداکردنە سێکسییە شازەکەی (سەلیم)یش هەیە، کە دەبێتە هۆی پەککەوتەییەکی هەمیشەیی (ریم)ی ژنی، کە خوشکی سوڵتانەیەو چەندین منداڵی لێ هەیە، بەتایبەتیش کاتێك کە باوکی و عەلی برای و خوشکانی، بەسوڵتانەی هەمیشە یاخیشەوە، کۆمەڵگەو تەنانەت ریمی مودەعی و دەسەڵاتی شەرعی و یاساییش لەکردەوە



شازەکەی (سەلیم)و تاوانی لەکارخستنی هەتاهەتایی ریم دەبوورن، ئەوان بەبیانووی ئەوەوە کە ژن موڵکی مێردەو مێرد بۆی هەیە کەی و چۆن و لەکوێوە سێکسی لەگەڵدا بکات، ریمیش لەترسی ئەوەی نەوەك (سەلیم) تەڵاقی بدات و منداڵەکانی لێ زەوت بکات، وەکو یاسای باری کەسیی لەسعودیە رێ بەمێرد دەدات.

هەروەها رووداوی مردنی (سەمیرە)یش لەزیندان، یان وەك لەسعودیە پێی دەڵێن (ئۆدەی رەش)، کە دیارە هەموو ماڵێك هەیەتی بۆ بەندکردنی ئافرەتە سەربزێوەکانی.

سەمیرە، لەسەر شکاندنی نەریتێکی کۆمەڵایەتیی لەسەردەمی رۆمانی یەکەمەوە (سوڵتانە)، بەدەستی مامێکییەوە (باوکی خۆی نەماوە) لەئۆدەیەکی رەشدا زیندانی تاکەکەسی، ئینفرادییەوە، پاش تێپەڕبوونی (١٥) ساڵ هەر لەو ئۆدە رەشەدا دەمرێت و بەوەش کۆتایی بەڕۆمانی دووەم (کچانی سعودیە- کچە شازادەکانی سعودیە)ش دێت، کە من وەك ئاماژەیەکی دەخوێنمەوە بۆ کۆتاییهاتنی ئاوات و هیواکانی (سوڵتانە)و تەواوی ژنانی سعودیەو رەنگە گشت ژنانی عەرەبی دونیاش.

رۆمانی سوڵتانەو کچانی سعودیە بەڕاستی چ بۆ سوڵتانەی وەگێڕی رووداو و بەسەرهاتە راستەقینەکان و چ بۆ ساسۆنی رۆمانووسیش کارێکی بوێرانەی هونەری و مرۆییانەیەو هەرگیز بێ کاریگەریی پەزەتیڤ نابێت، بەڵام لەگۆشەنیگای تایبەتی خۆمەوە دوو خەوش هەم لەهەڵوێستی سوڵتانەو هەم لەخوێندنەوەکانی ساسۆن بۆ کارەساتەکان دەبینم: یەکەم: سوڵتانەو جاین ساسۆنیش هەمیشە ژن لەسەر هەق و بەزوڵملێکراو نیشان دەدەن، کە لایەنگرییەکەی ئەوانی هەردووك پێوە دیارە لەهاوسۆزییکردنی ژناندا.

دووەم: سوڵتانەو ساسۆنیش زۆرجاران لەدەقەکەدا وای وێنادەکەن، کە گوایە دەسەڵاتدارانی سعودیەو میرانی سعودیە لەو بارودۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەمارگرژییە ئایینییەش نارازین کە نەك هەر ژنان بگرە پیاوانی رەشەخەڵکەکەوە ئەو هەزاران هەزار خزمەتکارو کارەکەرە بیانییەش پێوەی دەناڵێنن، گوایە لەسەرووی ئەمانەوە (شاو، شازادەکان)ەوە، دەسەڵاتێکی دیکەی ئایینی شاراوە هەیە، کە پیاوانی شەرع و ئاین پارێزن و ناچاری ئەو هەڵسوکەوتانەیان دەکەن، کە دژ بەئازادیی ژنان و خەڵك دەیکەن، گوایە هەندێکجار خەڵکەکە بەژنانیشەوە پێشێلکاریی مافەکانیان بەڕەواو شەرعی دەزانن و پێیانوایە لەخوایان نزیك دەکاتەوە!.

من وەکو خوێنەرێك ناتوانم ئەم پاساوانە بۆ میرانی سعودیە پەسندبکەم، چونکە دەسەڵاتی ئەوان (موتڵەق)ەو لەسەرووی ئەوانەوە کەس و دەسەڵاتێکی دیکە نابینم، بۆ کارێکی خۆیان نەیانەوێت ناچاریان بکات، بەهیچ شێوەیەکش ناتوانم باوەڕ بەوە بکەم خەڵك چ ژن ژ پیاو هەبن پێشێلکاری مافەکانیان بەعیبادەت و نزیکبوونەوە لەخوا بزانن.

ئەمەی سوڵتانەو ساسۆنیش لەدەقەکەدا پەرشیان کـردووە، یان سیاسەت و هەڵپەرستییە بۆ وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی بنەماڵەی میران و جیاکردنەوەیان لەدەزگا جێبەجێکارەکانی ئاسایش و پۆلیس و پیاوانی خۆبەخشی لیژانی ئەمر بیلمەعروف و نەهی لەمونکەرو شکاندنی تاوانەکان بەسەر ئەواندا بەوەی کە گوایە لەدەرەوەی دەسەڵاتی شای سعودیەدا بەسەربەخۆیی و جیاوازیی کاردەکەن، کە وانییە.

یان ئەوەتا هەردووکیان لەهەڵەیەکی هونەریی و هزریدا ئەم کارەیان کردووە، کە سادەترین قسە لەبارەیەوە بووترێت هەڵپەرستی و دووروویی و میکیاڤیلیەتە، کە لەدەقی هەردوو ڕۆمانەکەدا (سوڵتانە)و (کچانی سعودیە)شدا بەنهێنی و ئیحادییەتێك کاری خۆیان دەکەن، کە دیارە لەخوێنەری زیرەك تێپەڕنابن.

هۆکاری ئەم هەڵوێستەی هەردووکیشیان پێموایە دەگەڕێتەوە بۆ ئایدۆلۆژیای سیاسی و بەرژەوەندیی تاکەکەسیان، سوڵتانە وەك کچە میرزادەیەك کە نایەوێت پلەو پایەو دەستکەتەکانی خۆی و خێزان و بنەماڵەکەی لەدەست بدات، جایین ساسۆنیش وەکو ژنە نووسەرێکی ئەورووپی میانڕەوی موحافەزەکار، کە نەمانی بۆ دەسەڵاتێکی راستڕەوی میانڕەوی وەك ئەوەی سعودیەی ناوێت کە ڕۆڵێکی گرنگی لەهاوسەنگکردنەوەی لایەنە ناکۆکەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ململانێی درێژخایەنی عەرەب و ئیسرائیل و کێشەی نەوتی جیهانی و ڕێکخراوی ئۆپیکدا هەیە، بۆیە هیچکامیان لەگەڵ شۆڕش و کۆدەتاو سەرنگونبونی سیستمی پاشایەتی سعودیەدا نین، بەڵام حەزیش دەکەن لەڕێی چاکسازییەوە وێنەو لووکێکی جوانتری بۆ بنەخشێنرێت، لەسەردەمی جیهانگەرایی ئەمڕۆشدا دیارە سەرجەم ئەزموونی سعودیە لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی بنەڕەتیدا، بابزانین واقیع و سیاسەت سەردەکەون، یان خەیاڵ و ڕۆمان.

***بۆ ڕۆمانی (خۆشەویستی لەوڵاتێکی پەرتکراو) بڕوانە: گۆڤاری هەنار، ژمارە (٣٠)ی ٢٠٠٨.**



# کاکە کوردۆ گیان هەموو کاتێکت باش

زۆر نابێت کتێبی لەئیرادەی مەرگەوە بۆ ئیرادەی ژیان و دنیای خەونە گەورەکانم خوێندەوە.

دێتەوە یادم لەساڵی ١٩٩٢ کە تازە هاتبوومە سویدو لەکەمپێکی باکووری ئەم وڵاتەدا بووم، کاك ڕەفیق سابیر بەپۆست لاوکی هەڵەبجەی بۆ ناردم و نووسیبووی تەنیا ئەو نوسخەیەی هەیە، منیش دوای خوێندنەوەی لەگەڵ نامەیەکدا بۆم ڕەوانەکردەوە.

نایەتە بیرم هیچ نووسینێکی تێرو تەسەلم لەسەر شیعرەکە کەوتبێتە بەرچاو بێجگە لەوەی بەڕێزتان. ڕەنگە شتی تری لەسەر نووسرابێت، بەڵام من ئاگادار نیم یا بەسەرما تێپەڕیوە.

دەربارەی خوێندنەوەکەی تۆش دەستخۆشیت لێدەکەم لەهەموو شتێك زیاتر ئەوە سەرنجی راکێشام کە هەوڵێکی زۆر جیددیت داوە بەگوێرەی پلانێکی پوخت و هۆشیارانەو ڕەخنەگرانە بیروڕای خۆت لەسەر دەقەکە دەربڕیوە. بەهیچ جۆرێك زۆر لەخۆکردنی پێوە دیار نییەو هیچ مەبەستت نەبووە بەڕستەی ئاڵۆزو وشەی بریقەدار بۆچوونەکانت بخەیتەڕوو وەك لەزۆربەی نووسینە بەناو ڕەخنەییەکانی تردا هەست بەو زیادەڕۆییە دەکەم.

بەش بەشکردنی هۆیەکان و سەرەنجامەکان لەچەند خاڵێکداو پاشان بەکورتی باسکردنی ئەو خاڵانە پارچەیەکن لەڕاستگۆیی خۆت بۆ ئەو تێگەیشتنەی لاتان دروستبووە بەرامبەر بەگەل و مێژوو و شیعرو ڕەهەندەکانی جوانکاریی لەزمان و وشەدا.

بێگومانم لەوەی هەرکەسێك خوێندنەوەکەی تۆ بخوێنێتەوە لەخوێندنەوەی پێشووی خۆی دەکەوێتە گومانەوەو جارێکی تریش دەچێتەوە سەر قەسیدەکەو ڕەنگە ئەم خوێندنەوەیە یارمەتی بدات لەڕێگای ترەوە بەدەقەکەدا بچێتەوە.

لەگەڵ ڕێزمدا

برات: سەلام محەمەد

١٧ – ٠٥ - ١٧-٠٥-٢٠٠٩ / سوید